


# کۆکردنەوەی ئاراستە جیاوازەکانی گۆشەنیگا

## لە گێڕانەوەی رۆمانی (باڵندەکانی دەم با)دا

**سیامەند هادی**

لە پرۆسەی بونیادنانی دەقدا، کۆمەڵێک چەمک لەڕووی هونەرییەوە پێکهاتەیەک وێنادەکەن و ئاراستەیەکی ئامانجداری کردارێک بەڕێوەدەبەن. ئەگەرچی سەرجەمی بەشە جیاوازەکانی ئەو پێکهاتەیەی دەقی بەرهەمهێناوە، رۆڵ و قورسایی تایبەتیان دەکەوێتە سەر، بەڵام هەر پارچەیەک بەجیا راڤەو شیکردنەوەی جیاواز هەڵدەگرێت. هەڵوەشاندنەوەی دەق بۆ چەند پارچەیەکی جیاوازو چڕکردنەوەی روانین لە پنتە بچوکەکاندا، بە هیچ شێوەیەک گەورەکردنی لایەنێک و پەراوێزخستنی لایەنێکی دیکە ناگەیەنێت.

# ئەوەی دەق راڤە دەکات، دەبێت بەجیا تەماشای بەشەکانی بکات، چونکە ناتوانرێت روانینێکی گشتی بۆ پێکهاتەی دەق بکرێت

ئەوەی دەق راڤە دەکات، دەبێت بەجیا تەماشای بەشەکانی بکات، چونکە ناتوانرێت روانینێکی گشتی بۆ پێکهاتەی دەق بکرێت و لەوێشدا پەی بە هەموو رەهەندو دەلالەتەکان ببرێت. کۆکردنەوەی روانینێکی چڕ بۆ هەر بەشێک لە بەشەکانی دەق، لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە بتوانرێت کۆنترۆڵی پارچە جیاوازەکان بکرێت. بەوەش روانینەکان خۆیان لە پەرشبوونی چەند هێڵێکی رووکەش و راگوزەر دووردەخەنەوەو بەرەو راڤەکردنێکی کۆکراوەو چڕ هەنگاو دەنێن.

یەکێک لە بەشە سەرەکییەکانی دەق «گێڕانەوە»یە، کە زۆرێک لە رەخنەگران بە بەشێکی گرنگ و ستوونی سەرەکیی دەقی دەزانن. ئەگەر وەک چەمکێکی ئاسایی تەماشای (گێڕانەوە) بکەین، بەسانایی هەست بەوە دەکەین کە تەمەنی ئەم چەمکە پەیوەستە بە بوونی مرۆڤەوەو هەر لەسەرەتای دروستبوونی مرۆڤەوە، گێڕانەوەش بەشێکی گرنگی ژیانی رۆژانەی داگیرکردووە، لەوکاتەوە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت. لە وێنەی سەر دیواری ئەشکەوتەکانەوە، تا گێڕانەوەی ئەو رووداو و بەسەرهاتەی کە مرۆڤ بۆ یەکدیی دەگێڕنەوە. ئەوەی لێرەدا جێگەی مەبەستە، لێدوانە لە چەمکی (گێڕانەوە) لەڕووی هونەرییەوە، واتە ئەوکاتەی کە بەشێوەیەکی هونەری باس لە گێڕانەوە کراوە. چەمکی (گێڕانەوە) لەڕووی تیۆرییەوە بە گرنگترین لایەنی پێکهاتەی دەق دادەنرێت و پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ سەرجەمی لایەنە هونەرییەکانی دیکەی دەقدا هەیە، بەتایبەت ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ زمان لەلایەک و کات لەلایەکی دیکەوە هەیەتی، کە بە ئاوێتەبوون و تەواوکەری یەکتری گوتاری دەق بەرهەمدەهێنن.

## ناساندن و مانای گێڕانەوە

سەرەتا بەو شێوەیە تەماشای (گێڕانەوە) کراوە کە (ئەو بەشەیە لە کردار یان بەڵگە، کە دەکەوێتە ئاشکراکردنی ئەو رووداوانەی پەیوەستە پێیانەوە-٣٨١/٥). لە ناوەڕاستی سەدەی شانزەو سەرەتای سەدەی حەڤدەدا بەو شێوەیە لە گێڕانەوەیان دەڕوانی. ئەو مانایەش پاڵپشت بوو بە چەمکی رەوانبێژی (narration)ی لاتینی کە بەکاردەهێنرا بۆ وەسفی (بەشێک لە قسە یان گوتار کە لە رێگەیەوە واقیعی دەخستەڕوو). پاشان لە سەدەی بیستدا چەمکی گێڕانەوە پابەندکرا بە ئەفسانەشەوە، کە (رایمۆن ولیامز) ئاماژەی بەوەداوە. بۆ دەستنیشانکردنی سەرەتاکانی وردبوونەوەی هەمەلایەنەو راڤەکارانە بۆ چەمکی (گێڕانەوە)، زۆربەی رەخنەگران لەسەر ئەوە کۆکن کە هەوڵەکانی (ڤلادیمێر پرۆپ) لەسەر راڤەکردنی حیکایەتی فۆلکلۆری دەکرێتە هەوڵی بەرایی ئەو باسانەی لەسەر گێڕانەوە خراونەتەڕوو. بەهەمان شێوە بچوکترین یەکەی گێڕانەوە کە کاری لەسەر کرابێت، لەسەر شیعری فۆلکلۆری بووە. ئەویش لەسەر دەستی یەکێک لە پێشەنگەکانی فۆرمالیستەکانی رووسیا (ئەلێکسەندەر شکلۆڤسکی)یەوە بوو. روانینەکانی ئەم نووسەرە لەسەر شیعری فۆلکلۆری بوون و لەوێوە پەی بە بچوکترین یەکەی گێڕانەوە برد. بۆ نموونە رستەی (ئەژدیهاکە کچی پاشای فرانَد-٦٥/٢١)ی بە بچوکترین یەکەی گێڕانەوە تەماشا کرد. دواتر (پرۆپ) وەک چوار توخمی سەرەکی لەو رستەیەی روانی، لە رێگەی گۆڕاو و نەگۆڕەوە، کە ئاماژەی بەوەداوە وشە (فرانَد) لە ئەفسانەی رووسیدا نەگۆڕەو سێ وشەکەی تر




هەر لەسەرەتای دروستبوونی مرۆڤەوە، گێڕانەوەش بەشێکی گرنگی ژیانی رۆژانەی داگیرکردووە، لەوکاتەوە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت. لە وێنەی سەر دیواری ئەشکەوتەکانەوە، تا گێڕانەوەی ئەو رووداو و بەسەرهاتانەی کە مرۆڤ بۆ یەکدیی دەگێڕنەوە



گۆڕاون. لە ڕاستیدا هەوڵەکانی (ڤلادیمێر پرۆپ) دەروازەیەکی ئەوتۆیان لەسەر چەمکی گێڕانەوە خستە سەرپشت، کە دوای چەند ساڵێ گەلێک لێکۆڵینەوەو ڕاڤەکاری بۆ گێڕانەوە کراو لە چەند ڕوویەکی جیاوازەوە لێیانڕوانی. چەمکی گێڕانەوە بەشێوەیەک هەڵگری مانای جوداو فرەڕەهەندە، تا ئەو ئەندازەیەی وەک زانستێک تەماشا دەکرێت، ئەو شێوە تەماشاکردنەش سەرەتا لە کاری بونیادگەرو فۆرمخوازەکاندا بینرا. سەرەتاش لە کارەکانی (کلۆد لیڤی شتراوس)ەوە دەرکەوت و دواتر لای چەند ڕەخنەگرێکی دیکەی بونیادگەری گرنگی بەم چەمکە درا. بۆ یەکەمینجار (چەمکی زانستی گێڕانەوە narratology) لەلایەن (تزڤیتان تۆدۆرۆڤـ)ەوە ئاماژەی پێدرا-١١/١٧٤). پاشان لەلایەن ڕەخنەگری فەرەنسی (ئەلجیرداس جولیان گریماس)ەوە لێکۆڵینەوەی لەسەرکرا، کە بەلای ئەوەوە (کردار) بچوکترین یەکەی گێڕانەوەیە. جگە لە هەوڵی (گریماس)، هەندێک ڕەخنەگری دیکەش بە قوڵی لەسەر ئەم چەمکە وەستاون، یەکێک لەو ڕەخنەگرانەش (جیرار جینێت)ە.

لەسەرەتاوە تا ئەوکاتەی ئاماژەمان بۆ کرد، گەلێک لێکۆڵینەوەو ڕاڤەکردن بۆ ئەم چەمکە کراون، ئەگەر تەماشا بکەین (ڤلادیمێر پرۆپ) لەساڵی ١٩٢٨دا ڕوانینەکانی بڵاوکردەوە، دەستنیشانکردنی (تۆدۆرۆڤ)یش بۆ گێڕانەوە وەک زانست دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٩، لەنێوان ئەو دوو دیاریکردنەشدا چەندین لێکۆڵینەوە لەسەر گێڕانەوە کراوەو لە چەند ڕوویەکی جیاوازەوە تەماشای ئەم چەمکەیان کردووە. لە کاتی لێدوان لەو چەمکەدا ڕەخنەگران هاوڕا نەبوون و ڕاڤەی جیاوازیان بۆ ئەم چەمکە خستۆتەڕوو. دەبینین هەریەک لە (پرۆپ و گریماس و کلۆد بریمون) وەک ئاراستەیەکی جیاواز ئاماژە بە چەمکی (گێڕانەوە) دەکەن و (بە هیچ شێوەیەک گریماس لە فەرهەنگەکەیدا کە چوار لاپەڕەی بۆ ئەم چەمکە تەرخان کردووە، ئاماژە بە زانستی گێڕانەوە نادات، وەک چۆن هاوڕێیانی تۆدۆرۆڤیش لە فەرهەنگی ئینسایکلۆپیدیای نوێدا کە سیانزە لاپەڕەیان لەسەر نووسیوە، ئاماژەیان بە چەمکی پێشووتری گێڕانەوە نەداوە-٢٤/٢٨٠).

هەموو ئەو ڕوانینە جیاوازانە ئاکامی ئاڵۆزی و فرەڕەهەندیی ماناو دەلالەت و ڕۆڵی چەمکی (گێڕانەوە)یە، کە وادەکات لە چەند ڕوویەکەوە لە ڕۆڵی ئەم چەمکە بڕوانرێت. ئەگەرچی نکوڵی لەوە ناکرێت کە هیچ چەمکێک ماناو دەلالەتی ئەبستراکتی بێ چەندوچوونی نییە، بەڵام پێکهاتەی (گێڕانەوە) بەشێوەیەک پەیوەستە بەچەند چەمکێکی دیکەی دەقەوە، کە لە ڕاڤەکردندا بەر چەندین ماناو ڕۆڵ و دەلالەتی جیاوازو ئاڵۆز دەکەوین. فرەڕەهەندیی گێڕانەوەو ئەو پەیوەندییە هەمەلایەنەی بە چەمک و لایەنە هونەرییەکانی دەقەوە دەیبەستێتەوە، وای کردووە چەند پێناسەیەک هەڵبگرێت و بە چەند شێوەیەکی جیاواز وێنا بکرێت. ئەگەر هەوڵ بدەین پێناسەی ئەم چەمکە بکەین، ئەوا دەتوانین بڵێین: گێڕانەوە (السرد narration) کردارێکە گێڕەرەوە بەرهەمی دەهێنێت، کردەیەکی ڕاستەقینە یان خەیاڵییەو بەرهەمەکەی گوتارە. گێڕانەوە بەهۆی فراوانبوونییەوە هەموو ئەمانە دەگرێتەخۆی، سەرجەمی بارودۆخەکانی شوێن و کات، واقیع و خەیاڵ، کە ئەمانە دەوری گێڕانەوەیان داوە. گێڕانەوە کردەی بەرهەمهێنانە

# چەمکی گۆشەنیگا پابەندە بە پەیوەندیی نێوان گێڕەرەوەو جیهانێکی دیاریکراوەوە

کە (گێڕەرەوە) ڕۆڵی بەرهەمهێن و (وەرگر- خوێنەر) ڕۆڵی بەکاربەرو (گوتار) ڕۆڵی کاڵای بەرهەمهێنراو دەبینێت-١٠٥/١٢). یان (گێڕانەوە) خستنەڕووی ڕووداوێک یان چەند ڕووداوێکی دوور یان نزیکە، کە لە ڕێگەی گێڕەرەوەیەک یان زیاترەوە ئاشکرا دەکرێت، ئەو ڕووداوە واقیعی بێت یان خەیاڵی. بێگومان (گێڕەرەوە) هەندێکجار بەشدارە لە دەقەکەداو هەندێکجاریش لە دەرەوەی دەقەکەیە، بەڵام پرۆسەی خستنەڕووی حیکایەتە بەرەو ئامانجێکی ئاراستەکراو، بەهۆی پێکەوە خستنەگەڕی کۆمەڵێک لایەنەوە بەئاکام دەگات. ڕەنگە لەسەر هەمان شێواز چەندین پێناسە بۆ گێڕانەوە بکەین، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە لە هەموو پێناسەکاندا دەبێت ئاماژە بە چەند چەمکێک بکەین، کە پرۆسەی گێڕانەوە پێکدەهێنن، ئەوانیش (گێڕەرەوە- ڕاوی، گێڕدراوە- دەق، بۆگێڕەوە- خوێنەر). لەچوارچێوەی گشتیدا بەردەوام هەست بەبوونی ئەم سێ پێکهاتەیە دەکرێت. ئەگەر لێرەدا دەق و خوێنەر بخەینە لاوەو بە تەنها لەسەر (گێڕەرەوە) بوەستین، ئەوا دواتر لە ڕێگەی پەیوەندییەکانی ئەم چەمکەوە بە لایەنەکانی ترەوە هەندێک زانیاریمان لەسەر ئەو دوو چەمکەی تر دەستدەکەوێت.

گێڕەرەوە (ڕاوی- narrator) ئەو کەسەیە یان چەند کەسەیە کە ئەرکی گێڕانەوەی حیکایەتی لەئەستۆدایەو لە ڕێگەی شێوازێکی تایبەتەوە دەیگەیەنێتە وەرگر یان خوێنەر. ئەوکاتەی ڕووداوێک یان چیرۆکێکی گێڕدراوەمان هەیەو وەک خوێنەر لێی دەڕوانین، چەند پرسیارێکمان لا دروست دەبێت، کە ئاراستەی دەقەکەی دەکەین، بێگومان بەدیوێکی تردا ئەو پرسیارانە وەڵامدانەوەیان دەکەوێتە ئەستۆی نووسەری دەقەکە. بەوپێیەی باسەکەمان لەسەر ڕۆمانە، دەکرێت لەبەردەمی ڕۆمانێکدا بپرسین:

ئەوە کێیە ڕۆمانەکەمان بۆ دەگێڕێتەوەو پەیوەندیی (گێڕەرەوە) بە دەقەوە چییەو زانیارییەکانی لەکوێوە هێناوەو خۆی لە کوێدا وەستاوە؟ وەک (جیرار جینێت) دەڵێت (کێ گێڕەرەوەیە؟ یان کێیە دەبینێت؟ یان کێیە قسە دەکات؟- ١٩٨/١٧).

بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندیی (گێڕەرەوە) بەوەی دەیگێڕێتەوە بە دوو جۆر دەردەکەوێت:

١. گێڕەرەوە ڕووداوەکان لە ناوەوە ڕاڤە دەکات.

٢. گێڕەرەوە لە دەرەوە چاودێریی ڕووداوەکان دەکات.

ئەو (گێڕەرەوە)یەی ڕووداوەکان لە ناوەوە ڕاڤە دەکات، یەکێکە لەم دوانە:

١- گێڕەرەوەی سەرەکییەو بە جێناوی (من) دەدەوێت، بەو مانایەی گێڕەرەوەیەکی ئامادەیە.


٢- گێڕەرەوەی هەمووشتزان، لە هەمانکاتدا گێڕەرەوەیەکی نادیارە.

بەڵام ئەو گێڕەرەوەی لە دەرەوە چاودێریی ڕووداوەکان دەکات، ئەویش بە دوو شێوە دەردەکەوێت:

١- گێڕەرەوەیەکی شاهیدە، واتا ئامادەیە، بەڵام دەست وەرنادات ئاراستەی ڕووداوەکان.

٢- گێڕەرەوەیەکی نادیارەو بە تەنها ڕووداو دەگوێزێتەوە، بەڵام ڕاڤەی بۆ ناکات.

لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕێگەی جێناوەکانی کەسی یەکەم و دووەم و سێیەمەوە، گێڕەرەوە دەتوانێت پێگەی خۆی لە گێڕانەوەدا دیاری بکات و چەند



**ڕۆلان بارت**

(ڕۆلان بارت) دەڵێت: لە ڕاستیدا گێڕانەوە بە هەموو مانایەکی وشە -یان سیستمی هێماگەریی گێڕەرەوە- جگە لە سیستمی ئاماژەکاری هیچ سیستمێکی دیکە نازانێت. لەوەدا هەروەک زمان وایە: شەخسی یان ناشەخسی.



شێوازێکی هونەری پەیڕەو بکات. بێگومان ئێمە لە ڕێگەی گێڕانەوەوە دەتوانین پەی بە شوێن و ماوەی گێڕەرەوە بەرین و مەودای جوڵەو دەنگی دیاری بکەین، وەک دەوترێت (دەستنیشانکردنی شوێنی گێڕەرەوە پەیوەندیی بەو حیکایەتەوە هەیە کە دەیگێڕێتەوە-٩٦/١٢). ئەگەرچی هەریەک لە خستنەڕووی ئەو شێوازانە ئاڵۆزی و ئیشکالیەت و گرفتی خۆیان هەیە، بەڵام ناکرێت بۆشاییەکانی ئەو گرفتانەی لە ئاکامی خستنەڕووی شێوە جیاوازەکانەوە دەکەوێتەوە، بە تەنها گرێدراوی جۆرەکانی گێڕانەوە بن، بەڵکو ڕۆڵی نووسەر گرنگییەکی زۆری هەیە لە چۆنێتی خستنەڕووی ئەو بابەتەی کە دەیگێڕێتەوە. ڕۆماننووس دەبێت ئاگاداری ئەوە بێت کە گێڕانەوەی دەق بە تەنها وێناکردنی ڕووداوێک نییە لەسەر بنەمای پێکهاتەکانی گێڕانەوەو جۆری گێڕەرەوە، بەڵکو زۆرجار بێئاگایی لە ماوەی نێوان پێکهاتەکاندا، گرفتی هونەریی زۆر بۆ ڕۆمان دروستدەکات، وەک ماوەی نێوان نووسەرو گێڕەرەوەو خوێنەر. ئێمە وا تەماشا دەکەین کە جێناوی کەسی یەکەم ڕاستەوخۆ دەبێتە ئامادەبوونی نووسەری دەق، بەڵام دەوترێت (گێڕەرەوەی هەمووشتزان ئەو گێڕەرەوەیە کە نووسەر ئاشکرا دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا ماوەی پێویست هەرەس پێدێنێت. لەسەر نووسەر پێویستە ئاگادار بێت کە کاراکتەر کەسێکە ڕوانین و هەست و خودی خۆی هەیە-١٤٠/٣). ڕوانینێکی زۆر لەسەر جێناوەکانی دەق خراونەتەڕوو، ئەگەر بە تەنها تەماشایان بکەین ئاڵۆزییەکی زۆر دەبینین و ناتوانین لە هەندێ شوێندا بڕیاری یەکلاکەرەوەیان لەسەر بدەین. (ڕۆلان بارت) دەڵێت (لە ڕاستیدا گێڕانەوە بە هەموو مانایەکی وشە -یان سیستمی هێماگەریی گێڕەرەوە- جگە لە سیستمی ئاماژەکاری هیچ سیستمێکی دیکە نازانێت. لەوەدا هەروەک زمان وایە: شەخسی یان ناشەخسی. ئەم دوو سیستمە سوود لەو ئاماژانەی ڕابردوو نابینن، کە پەیوەستە بە کەسێتیی -من- یان ناشەخسی-ئەو، چونکە هەندێ چیرۆک یان دیمەن هەیە کە بە جێناوی کەسی سێیەم نووسراوە، بەڵام لە ڕاستیدا پاساوە ڕاستەقینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کەسی یەکەم. ئایا چۆن دەتوانین بڕیار لەسەر ئەوە بدەین؟ ئەوەندە بەسە کە نووسینی چیرۆکەکە یان بڕگەکە بگەڕێنینەوە لە -ئەو-ەوە بۆ جێناوی —من؟-٧٤/٢٢). بەڵام ئەو کردارە لە ڕێگەی دۆزینەوەی پەیوەندی بە بەشەکانی دیکەوە دەدۆزرێتەوەو ناتوانرێت بە تەنها وەک بەشێکی دابڕاو تەماشای جێناوەکان بکرێت لە پرۆسەی گێڕانەوەدا. ئەوەی لێرەدا مەبەستی باسەکەی ئێمەیە لێدوانە لە چەمکی (گۆشەنیگا)و دیاریکردنی شوێن و پێگەی گێڕەرەوەو کەسێتییەکان لە ڕۆمانی (باڵندەیەکانی دەم با)ی (عەتا نەهایی)دا، کە ئەو ڕاڤەکردنەش پێگەی گێڕەرەوە دەردەخات و دەبێتە هۆی ئاشکراکردنی ڕۆڵی گێڕەرەوەو ماوەی نێوان نووسەرو خوێنەریش.

## دەرکەوتن و ناساندنی گۆشەنیگا

زۆربەی ڕەخنەگران لەسەر ئەوە کۆکن کە (ئەفلاتون یەکەمین کەسە ئاماژەی بە بابەتی گۆشەنیگا داوە لە حیکایەتدا، بێ ئەوەی وەک چەمک ناوی بهێنێت-٢٢/٩). ئەوەی (ئەفلاتون) ئاماژەی پێداوە لەڕووی ماناوە گۆشەنیگا دەگرێتەوە، بەڵام وەک

**ئەو پەیوەندییەی لەنێوان چەمکی گۆشەنیگاو گێڕەرەوەدا هەیە، بەندە لەسەر شێوازی دەربڕین و بینین**

چەمک و وشە باسی گۆشەنیگای نەکردووە. دواتر رەخنەگرانی کلاسیکی بە تەواوی چەمکی گۆشەنیگایان فەرامۆشکردو لە باسەکانیاندا بە هیچ شێوەیەک گرنگییان پێ نەداوە. رۆڵی ئەم چەمکە زیاتر لە هونەری شێوەکاریدا دەرکەوت، ئەویش لە لایەن (لیۆناردۆ داڤنشی)یەوە بوو، کە گرنگییەکی بەرچاوی بە گۆشەنیگا داوە. پێشتر هونەرمەندان بە تەنها پشتیان بە مەودای ئاسۆیی و ستوونی دەبەست لە تەماشاکردنی تابلۆدا، بەڵام کارەکانی (داڤنشی) بوونە هۆی دەرخستنی مەودای سێیەم، کە بە مانای تەماشاکردنی قوڵاییەو رۆڵی گۆشەنیگای هەیە، کە دواتر هەندێک لە هونەرمەندان و تەلارسازەکان گرنگییان بەم لایەنەدا. ئەوەی پەیوەندیی بە ئەدەبەوە هەیە لەڕووی تیۆرییەوە، دەگەڕێتەوە بۆ (هێنری جیمس) کە لە پێشەکیی رۆمانەکانیدا ئاماژەی بە چەمکی گۆشەنیکا داوەو باسی چەند لایەنێک ئەو چەمکەی کردووە.

گۆشەنیگا (وجهه النظر- point of view) کە دواتر لەبری ئەم چەمکە هەندێک لە رەخنەگران وشەی چەقگەرایی یان بەناوەندکردن (التبئیر- focalization)یان بەکارهێنا، کە لەلایەن (جیرار جینێت)ەوە بەو روانین و هەڵوێستانە دەوترا کە (گێڕەرەوە) دەیانخاتەڕوو. لەوێشدا لەوە دەکۆڵرێتەوە کە (گێڕەرەوە) چۆن تەماشا دەکات و لەکوێدا وەستاوەو ماوەی نێوان ئەو و نووسەرو خوێنەر چەندە؟ (میشێل ریمۆن) دەڵێت (بەپێی تەکنیکی گۆشەنیگا، بەشێوەیەک لە شێوەکان دەبێتە بابەتی رۆماننووس، لە ئاگایی یەکێک لە کاراکتەرەکانییەوە واقیعێکمان بۆ ئاشکرا دەکات، کە لەوکاتەدا بەتێڕوانینێکی یەکانگیری تەماشای ناکرێت، بەڵکو لە گۆشەیەکی دیاریکراوەوە تەماشای دەکرێت- ٧/٢٥). خستنەڕووی ئەم گوزارشتە بۆ گۆشەنیگا، بێگومان (جۆرج بلان) لە فەرەنسا بەشدارییەکی باشی کردووە لە بونیادنانیدا، ئەوکاتەی لێکۆڵینەوەی لەسەر (ستاندال) کرد.

هەروەها دەربارەی گۆشەنیگا (جیرالد برنس) لە فەرهەنگی گێڕانەوەکاندا دەڵێت (گۆشەنیکا بارودۆخی پەیبردن یان تێگەیشتنە کە هەڵوێست و رووداوەکانی پێ پێشکەش دەکرێت- ١٥١/٢٣). بۆ گوزارشتێکی گشتگیری ئەم چەمکە ئێمەش دەتوانین بڵێین (گۆشەنیگا کۆی ئەو روانین و هەڵوێست و کردارو گوفتارانەیە کە لە رێگەی گێڕەرەوەی دەقەوە دەخرێتەڕوو، لە دەرکەوتنی ئەوەشدا پێگەو شوێن و ئاراستەی گێڕەرەوە ئاشکرا دەبێت و پەیوەندی و ماوەی نێوان گێڕەرەوەو نووسەرو خوێنەر بەرجەستە دەبێت). لەگەڵ ئەوەشدا روانینی رەخنەگران بۆ پێناسەکردنی ئەم چەمکە جیاوازن، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ تەماشاکردنی جیاواز بۆ گێڕەرەوەو شێوازەکانی. دەگوترێت (دوای سێ دەیە وایلێهات گۆشەنیگا لە هەموو دیاردەکانی دیکەی گێڕانەوە، زیاتر رووبەڕووی گفتوگۆ ببێتەوە- ١٧٦/١٥). رەخنەگرانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەمەریکی و ئەڵمانی وەک یەک تەماشای ئەم چەمکە ناکەن، بەڵام بەپێی رۆڵی گۆشەنیگا، زۆرێک لە رەخنەگران لە چەند خاڵێکدا یەکدەگرنەوە. بە گشتی (چەمکی گۆشەنیگا پابەندە بە پەیوەندیی نێوان گێڕەرەوەو جیهانێکی دیاریکراوەوە- ١٣٠/١٩). ئەو پەیوەندییەی لەنێوان چەمکی گۆشەنیگاو گێڕەرەوەدا هەیە، بەندە لەسەر شێوازی دەربڕین و بینین. لەگەڵ ئەوەشدا لەکاتی



پراکتیکدا بەر چەند لایەنێکی دیکەی هونەری دەکەوین، ئەوەش شێوەی خستنەڕووەکەی دیاری دەکات، لێرەشەوە ڕۆڵی ڕۆماننووس دەردەکەوێت، کە تا چەند ئاگاداری شوێن و دەربڕینی گێڕەرەوەیە.

لەو ڕوانگەیەشەوە (تۆدۆرۆڤ) دەڵێت (گۆشەنیگا ئاماژەیە بۆ ئەو ڕێگەیەی گێڕەرەوە ڕووداوەکانی پێ دەگێڕێتەوە-٣٠٣/١٦). دۆزینەوەی ئەو ڕێگەیە بەدیوێکدا دۆزینەوەی ڕێگەی گێڕانەوەش دەگرێتەوە، کە چۆن ڕۆماننووس دەتوانێت شێوازێک هەڵبژێرێت بۆ گێڕانەوە. وەک چۆن (ئالان ڕۆب گرێ) دەڵێت (ڕۆماننووسی باش ئەو کەسەیە کە چیرۆکی جوان دادەهێنێ و بەجوانترین ڕێگە دەیگێڕێتەوە-٤٧/٢٧). بڕگەی دووەمی وتەکەی (ڕۆب گرێ)، بەهای هونەری دەبەخشێتە بڕگەی یەکەم، چونکە بە تەنها داهێنانی چیرۆکی جوان (بە وتەی ڕۆب گرێ) نابێتە هۆی کارێکی داهێنراوی سەراپاگیر، ئەگەر لایەنی هونەریش کۆمەکی نەبێت.

ئەو پەیوەندییەی لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ڕۆماندا لەنێوان نووسەرو گێڕەرەوەو خوێنەردا درووست دەبێت، ناتوانین لە دەرەوەی گۆشەنیگا بۆ هێڵە پێکەوەگرێدراوەکانی بگەڕێین. ماهییەتی گۆشەنیکا بەو شێوەیەیە کە وا دەکات (پێرسی لۆبۆک) بڵێت (من لەو بڕوایەدام سەرجەمی پرسیارە ئاڵۆزەکانی شێوازی خوڵقاندنی ڕۆمان، مەحکومە بە پرسیار لەسەر گۆشەنیگا-٢٢٥/٦). ڕاڤە جیاوازەکان بۆ لێدوان لەم چەمکە، بانگەشەی گرنگیی گۆشەنیگا دەکەن و وای کردووە ڕەخنەگران بەشێوەی جیاواز گوزارشت لەم چەمکە بکەن. هەربۆیە چەند جۆرێک دابەشکردنی گۆشەنیگا لەلایەن ڕەخنەگرانەوە خراوەتەڕوو، کە دیارترینیان ئەمانەن:

(جۆن پۆین):

١-بینین لە دواوە

٢-بینین لەگەڵ

٣-بینین لە دەرەوە- (٢١٧/٨).

(تزڤیتان تۆدۆرۆڤ):

١-گێڕەرەوە > کەسێتی

٢-گێڕەرەوە = کەسێتی

٣-گێڕەرەوە < کەسێتی- (٤٧/٤).

(جیرار جینێت):

١-چەقگەرایی سفر یان ناچەقگەرایی

٢-چەقگەرایی ناوەکی

٣-چەقگەرایی دەرەکی- (٢٠١/١٧).

(بۆریس ئۆسبنسکی) ڕەخنەگری ڕووسیش لەڕووی گوتارەوە چوار جۆری بۆ گۆشەنیگا دیاریکردووە:

١-ئاستی ئایدیۆلۆژی

٢-ئاستی گوزارشتی

٣-ئاستی شوێن و کات

٤-ئاستی سایکۆلۆژی- (٢٩٤/٢).

جگە لە جیاوازیی زاراوەکان، لەڕووی ماناو ڕۆڵەوە خستنەڕووی زاراوەکان لەیەکەوە نزیکەو هەمان مانایان هەیە. (بینین لە دەرەوە) یان وەک (تۆدۆرۆڤ) بەم شێوەیە هێمای بۆ دەکات (گێڕەرەوە > کەسێتی)، لەم گۆشەنیگایەدا ئەو زانیارییانەی (گێڕەرەوە) لەسەر کەسێتییەکان دەیزانێت، زیاترە لە زانیاریی کەسێتییەکان لەسەر خۆیان. ئەم گێڕەرەوەیە کە (گێڕەرەوەی هەمووشتزان)ی پێدەڵێن، دەتوانێت بە دەروونی کەسێتییەکاندا ڕۆبچێت و هەموو شتێک بێ لەبەرچاوگرتنی کات و شوێن بزانێت و ئامادەش

# گۆشەنیگای
# گێڕەرەوەی نادیار لە دەرەوە وەك كامێرای سینەما وایە كە وێنەی شتەكان دەگوێزێتەوە

نییە سەرچاوەی زانیارییەكانیمان پێ بڵێت. هەروەها ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ كەسێتی و خوێنەردا درووستی دەكات، بەشێوەیەكی لاسەنگ دەكەوێتەوە. (گێڕەرەوەی هەمووشتزان) لەسەرەوە رووداوەكان وێنا دەكات و چارەنووسی سەرجەم كەسێتییەكان بەڕێوەدەبات و مەودای ئازادی و جوڵەی ئەوان تەسك دەكاتەوەو بەخواستی خۆی دەیانجولێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا خوێنەر رۆڵی تەماشاكەرێک دەبینێ و بەردەوان دەبێت بۆ زانینی رووداوەكان دوای گێڕەرەوە بكەوێت. بەڵام (بینین لەگەڵ یان گێڕەرەوە= كەسێتی) كە (گێڕەرەوەی هەمانشتزان)ی پێ دەوترێت، زانیارییەكانی یەكسانە بە زانیاریی كەسێتییەكان. ئەوەی ئەم شێوە گێڕەرەوەیە دەیخاتەڕوو، لە سەروو زانیاریی كەسێتییەكانەوە نییەو ئەوە كەسێتییەكان خۆیانن كە قسە دەكەن و دەجولێن. گێڕەرەوە بەپێی ئەو گۆشەنیگایەی لێوەی دەڕوانێت، دەتوانێت ئاراستەی رووداوەكان بەرەوپێشەوە بەرێت و لەهەمانكاتدا پابەندە بە شوێن و كاتەوە. سەرەڕای ئەوەش لەڕووی هونەرییەوە گۆشەنیگای ئەم شێوە گێڕەرەوەیە بەپێی جێناوەكان جیاوازیی هەیە، واتا گێڕەرەوەی قسەكەر جیاوازە لە گێڕەرەوەی نادیار. (بینین لە دەرەوە یان گێڕەرەوە < كەسێتی) ئەو گێڕەرەوەیە كە زانیارییەكانی كەمترە لە زانیاریی كەسێتییەكان. ئەو لە دەرەوە وەسفی جوڵەی كەسێتییەكان دەكات و بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت ئاگاداری دەروونی كەسێتییەكان بێت. لەم شێوە گۆشەنیگایەدا گێڕەرەوە بێلایەنەو بە تەنها وەسفی كەسێتی و رووداوەكان دەكات و بەشدار نییە لە دەقەكەدا، بەڵكو خۆی لە دەرەوە وەستاوەو بەدەر لە حاڵەتی سایكۆلۆژی باسی كەسێتییەكان دەكات. ئەگەر بەشێوەیەكی هونەری گێڕەرەوە لە دەرەوە لەلایەن رۆماننووسەوە بخرێتەڕوو، ئەوا دەتوانێت بێ ئەوەی دەست وەربداتە ئاراستەی دەقەكەو روانینی كەسێتییەكان، بەبێ گرفت رۆمانەكە بەڕێوەببات. گۆشەنیگای گێڕەرەوەی نادیار لە دەرەوە وەک كامێرای سینەما وایە كە وێنەی شتەكان دەگوێزێتەوە، گێڕەرەوەش وەک دەرهێنەرە كە نابێت دەربكەوێت. دەركەوتنی گێڕەرەوەی نادیار بەو شێوەیە نییە وەک كەسێتییەكەی دەقەكە بخرێتەڕوو، چونكە لەو شێوەیەدا رۆڵی خۆی دەگۆڕێت، بەڵكو پێویستە رۆماننووس ئاگاداری هەموو لایەنە هونەرییەكان بێت لە مامەڵەكردن لەگەڵ زمان و دەلالەت و ئاماژەكاندا، بۆ ئەوەی سێبەریشی دەرنەكەوێت. بۆ نموونە كاتێک لە رۆمانێكی گێڕەرەوە نادیاردا دەوترێت (فلان و هاورێكانی لەوبەری شەقامەكەوە دەرۆیشتن..). دەستەواژەی (لەوبەری شەقامەكەوە) ئاماژەیە بۆ ئەوەی كە دیارە گێڕەرەوە (لەمبەری شەقامەكەوە) وەستاوە! لەڕووی دەلالەت و ئاماژەوە دەتوانرێت چەندین نموونەی لەمشێوەیە لە رۆماندا دەستنیشان بكرێت- (٣/١٥٤). ئەگەر لەڕووی پراكتیكەوە ئاماژە بە گۆشەنیگای رۆمانی (باڵندەكانی دەم با) بدەین، ئەوا زیاتر ئەوەمان بۆ روونبێتەوە كە ئەم چەمكە لە رۆماندا بە چ شێوەیەک دەردەوێت.

### شوێن و ماوەكانی گێڕەرەوە

رۆمانی (باڵندەكانی دەم با) چیرۆكی پیاوێكە دوای چەند ساڵێک ژیان لە غوربەتدا، گەڕاوەتەوە زێدی خۆی بۆ نووسینی چیرۆكی (فەرهادو كاڵێ)



**تۆدۆرۆڤ**

(تۆدۆرۆڤ) دەڵێت (گۆشەنیگا ئاماژەیە بۆ ئەو رێگەیەی گێڕەرەوە رووداوەكانی پێ دەگێڕێتەوە). دۆزینەوەی ئەو رێگەیە بەدیوێكدا دۆزینەوەی رێگەی گێرانەوەش دەگرێتەوە، كە چۆن رۆماننووس دەتوانێت شێوازێک هەڵبژێرێت بۆ گێرانەوە



کە لە دەقەکەدا بە چیرۆکی (فەرهاد) ناوی دەبرێت. لەکاتی نووسینی چیرۆکەکەدا کۆمەڵێک پەستانی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی دەیخەنە حاڵەتێکی ئەوتۆوە، کە بە زەحمەت چیرۆکەکە تەواو دەکات. گێڕەرەوەش دەیەوێت چیرۆکی ئەو پیاوە بنووسێتەوە، واتا کەسێک چیرۆکی پیاوێک دەنووسێتەوە، کە ئەو پیاوەش چیرۆکنووسەو ئەویش چیرۆکێکی تر دەنووسێت. (میهرەبان) کە بەنیازی نووسینی چیرۆکی (فەرهادو کاڵێ) گەڕاوەتەوە، ناتوانێت بەتەواوی لەگەڵ ژیانی دەرەوەی دەقەکەیدا تێکەڵ بێت، بەتەنها ئەوەندەی لا گرنگە کە پەیوەندیی بە دەقەکەی ئەوەوە هەبێت. لە هەمانکاتدا چیرۆکی ئەویش لەلایەن گێڕەرەوەی ڕۆمانەکەوە دەنووسرێتەوە. لە دەقەکەدا دوو چیرۆکی هاوتەریب پێکەوە دەڕۆن، کە لەڕووی بابەت و ماناوە یەک بابەتی حیکایەتیان هەیە. ئەوەی (میهرەبان) وا لێدەکات نەتوانێت لە دەرەوەی چیرۆکەکەی بژی، ئەوەیە کە ئەو چیرۆکەی دەینووسێت بەشێوەیەک لەشێوەکان چیرۆکی ڕاستەقینەی خۆیەتی و ئەوەش لە کۆتایی دەقەکەدا دەردەکەوێت. بەدەر لە حیکایەت و بابەت و خوڵقاندنی کەسێتی و زمان و ڕووداو، یەکێک لەو لایەنە هونەرییانەی وا دەکات لەسەری بوەستین، گێڕانەوەی دەقەکەیەو لەوێشدا دەمانەوێت بە تەنها لەسەر چەمکی (گۆشەنیگا) بوەستین وەک یەکێک لە لایەنە گرنگەکانی پرۆسەی گێڕانەوە. هەربۆیە ئەوەی دەخرێتەڕوو، ڕاڤەکردنی تەکنیکی گێڕانەوە نییە لەم دەقەدا (ئەوە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی دەوێت)، بەڵکو لێرەدا بە تەنها ئاماژە بە گۆشەنیگای ڕۆمانەکە دەدەین.

لە تەماشاکردنێکی خێرای ڕۆمانی (باڵندەکانی دەم با)دا هەست بەوە دەکەین کە (گێڕەرەوە) لەم دەقەدا لە جۆری گێڕەرەوەی هەمووشتزان-ەو وەک جێناوی کەسی سێیەمی تاک دەردەکەوێت و ڕووداوەکان بەڕێوەدەبات. ئەم گێڕەرەوەیە لەو شێوەیەیە (جۆن پۆیون) بە (بینین لە دەرەوە)و (تۆدۆرۆڤ)یش بە (گێڕەرەوە > کەسێتی) ئاماژەیان پێداوە. ئەم جۆرە (گێڕەرەوە)یە زانیارییەکانی لە زانیاریی کەسێتییەکانی زیاترەو بەربەستە لەبەردەم ئازادیی ئەواندا، هەربۆیە ناتوانن وەک دەنگێکی سەربەخۆ گوزارشت لە ڕوانینی خۆیان بکەن، ئەوەش وا دەکات ئەم شێوە گێڕەرەوەیە نەتوانێت وەک کەسێکی بێلایەن دەربکەوێت. لەگەڵ ئەوەشدا دەوترێت بەکارهێنانی (گێڕەرەوەی هەمووشتزان) لە ڕۆماندا وا دەکات نووسەر ئاشکرا بکات و لە هەندێ شوێندا هەست بە سێبەری ڕۆماننووس بکرێت، هەروەها وەک (هێنری جیمس) ئاماژەی پێداوە زۆرجار لە گوێزانەوەی بەشێک بۆ بەشێکی تر، یان لە کەسێتییەک بۆ کەسێتییەکی تر پچڕان و دابڕان درووست دەبێت. لەمانەوە گەلێک گرفتی دیکەی هونەری هەیە، کە ئەم جۆری گێڕەرەوەیە بەدوای خۆیدا دەیهێنێت، بەڵام لە ڕاڤەکردنی ئەم ڕۆمانەداو بەهۆی چەند چارەسەرکردنێکی تەکنیکی و هونەرییەوە ئێمە بەر ئەو گرفتانە ناکەوین و گێڕەرەوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی شێوازێکەوە خۆی بەدوور دەگرێت لەو گرفتانەی کە دەبوایە لەم جۆرە گێڕەرەوەدا دەربکەوێت. لە ڕۆمانی (باڵندەکانی دەم با)دا کە بەشێوەی گێڕانەوەی بابەتیی دەقەکە دەخرێتەڕوو، تیایدا (گێڕەرەوە) چیرۆکی (میهرەبان) دەنووسێت و ئەویش چیرۆکنووسەو

# لە باڵندەکانی دەم با-دا

## دوو چیرۆکی هاوتەریب پێکەوە دەڕۆن، کە لەڕووی بابەت و ماناوە یەك بابەتی حیکایەتیان هەیە

سەرقاڵی نووسینی چیرۆکێکە کە بە چیرۆکی (فەرهاد) ناوی دەبات.

سەرەتا دەبێت لەو پەتایە رزگارمان بێت، کە بەردەوام (گێڕەرەوە) وەک (نووسەر)ی راستەقینەی دەقەکە تەماشا دەکرێت، چونکە ئەوەی چیرۆکێک دەگێڕێتەوە لەڕووی هونەرییەوە (گێڕەرەوە)یە نەک (نووسەر). ئەگەرچی ئەوە باسێکی تری دەوێت، بەڵام ناکرێت ئێمە بە بەردەوامی (گێڕەرەوە) وەک نووسەری دەق وێنا بکەین، لەبەرئەوەی ئەو شێوە تەماشاکردنە گەلێک گرفتی هونەریمان بۆ درووست دەکات. ئێمە نووسەرێکمان هەیە لە رێگەی گێڕەرەوەیەک یان زیاترەوە چیرۆکێکمان بۆ دەگێڕێتەوە، کەواتە ئەو دوو چەمکە جیاوازن و ناکرێت تێکەڵیان بکەین. (میشێل بۆتۆر) دەڵێت (گێڕەرەوە لە رۆماندا بە تەنها گوزارشت نییە لە جێناوێکی قسەکەر، وەک چۆن گوزارشتیش نییە لە خودی نووسەر، لەبەرئەوە نابێت رۆبنسۆن و دیفۆ تێکەڵ بکەین-٦٥/٢٦). مەبەستی (بۆتۆر) ئەوەیە (رۆبنسۆن)ی کەسێتی رۆمانی (رۆبنسۆن کرۆزۆ) لەگەڵ (دانیال دیفۆ)ی نووسەری رۆمانەکەدا تێکەڵ نەکەین.

سەرەڕای ئەوانە، لای هەندێک لە رەخنەگران نووسەریش بە دوو شێوە وێنا دەکرێت، نووسەری راستەقینە واتا ئەو نووسەرەی دەقەکەی نووسیوە، لەگەڵ نووسەرێکی تر کە لە چوارچێوەی دەقەکەدایە یان هەندێجار پێی دەڵێن نووسەری دووەم. (واین بۆس)ی خاوەن ئەم چەمکە وای دەبینێت ئەم شێوە نووسەرە وێنەی نووسەری راستەقینەیە لە دەقەکەدا. (تۆدۆرۆڤ)یش ئەو دوو شێوەیە جیادەکاتەوە، بەوەی نووسەری راستەقینە لە دەقدا بوونی نییەو ئەوەی بوونی هەیە نووسەری ناوەندێتییە. دواتر (جیرار جینێت) ئەو شێوە نووسەرەی رەتکردەوەو پێی وایە ئەوەی دەق دەنووسێت هەر نووسەری راستەقینەیەو هیچ پێویست بەوە ناکات رۆڵ بە چەمکێکی لەو شێوەیە ببەخشرێت. کاتێک گفتوگۆیەکی لەو شێوەیە هەبێت، ئیدی چۆن دەتوانین نووسەر لەگەڵ گێڕەرەوە تێکەڵ بکەین.

وەک ئاماژەمان پێدا (گێڕەرەوە) لە رۆمانی (باڵندەکانی دەم با)دا لە شێوەی (گێڕەرەوەی هەمووشتزان)دایەو دەکرێت لەسەرەوە بوەستێت و رووداوەکانمان یەک لە دوای یەک بۆ بگێڕێتەوەو وێنای کەسێتییەکان بکات و سەرجەمی شتەکان لە رێگەی ئەوەوە بگاتە خوێنەر. ئێمە لەم رۆمانەدا بەر ئەو رۆڵە ناکەوین کە پێویستە ئەم شێوە گێڕەرەوەیە بەئاکامی بگەیەنێت. هەنگاوی سەرەتای ئەم گێڕەرەوەیە ئەوەیە کە شوێنی خۆی وەک (گێڕەرەوەی نادیار) دەگۆڕێت و دادەبەزێتە نێو دەقەکەو بەشدارییی بەشێک لە بەرێوەچوونی ئاراستەی رۆمانەکەدا دەکات. ئەوەی لەو شوێن گۆڕینەدا گرنگە، ئەوەیە (گێڕەرەوە) بەو شێوەیە دانابەزێت وەک کەسێتییەکی نێو دەقەکە رۆڵ ببینێت و کەسێتییەکانی دیکە ئاشنابن پێی، بەڵکو دەرکەوتنی ئەو بە شێوەیەک لە شێوەکان مەجازییەو بە تەنها لەبەردەم (میهرەبان)دا دەردەکەوێت، کە ئەم دەیەوێت چیرۆکی ئەو بنووسێتەوەو میهرەبانیش خۆی سەرقاڵی نووسینی چیرۆکی (فەرهادو کالێ)یە. واتا جوڵەو وتەی گێڕەرەوە بە تەنها لەلایەن (میهرەبان)ەوە هەستپێدەکرێت و بە کردار نابێتە کەسێتییەکی نێو رۆمانەکە. ئەو



**میشێل بۆتۆر**

میشێل بۆتۆر) دەڵێت (گێڕەرەوە لە رۆماندا بە تەنها گوزارشت نییە لە جێناوێکی قسەکەر، وەک چۆن گوزارشتیش نییە لە خودی نووسەر، لەبەرئەوە نابێت رۆبنسۆن و دیفۆ تێکەڵ بکەین). مەبەستی «بۆتۆر» ئەوەیە «رۆبنسۆن»ی کەسێتی رۆمانی «رۆبنسۆن کرۆزۆ» لەگەڵ «دانیال دیفۆ»ی نووسەری رۆمانەکەدا تێکەڵ نەکەین.



چیرۆکەی (میهرەبان) دەینووسێت بەشێوەیەکی هونەری وا دەردەکەوێت کە بەشێکی لەنێو دەقی گێڕەرەوەوە درووست دەبێت و دواتر ئەوەی دەنووسرێت دەقێکی جیاوازو سەربەخۆیە. ئەوەش گۆڕانێکی گەورەیەو تیایدا رۆماننووس دەسەڵاتی گێڕانەوە لە دەستی (گێڕەرەوەی هەمووشتزان)ەوە دەگوێزێتەوەو بەشێکی ئەو دەسەڵاتە دەبەخشێتە گێڕەرەوەیەکی تر کە کەسێتیی سەرەکیی رۆمانەکەیە. ئەم شێوە گۆڕانکارییە لادانە لە (گێڕەرەوەی هەمووشتزان)، بەوەش رۆماننووس خۆی لە خاڵێکی گەوهەریی ئەو گرفتانە رزگار دەکات، کە رووبەڕووی گێڕەرەوەی هەمووشتزان دەبنەوە، بەوەی تاکە گێڕەرەوەی دەقەو هەموو شتەکان لە رێگەی ئەوەوە دەگەیەنرێن بە خوێنەر. ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە ئەم گوێزانەوەیە رووکەش نەبێت و بەتەواوی هەست بەو دەسەڵات پێبەخشینە بکەین.

دروستکردنی دوو گێڕەرەوە لە دەقەکەدا لە رێگەی پێکەوەگرێدانی کۆمەڵێک پەیوەندییەوە تێکەڵ دەبێت و بەرەو ئاراستەیەکی دیار رۆمانەکە بەڕێوەدەبەن. ئەگەرچی ستراتیژی گشتیی گێڕانەوەکان بە هاوتەریبی لەنێوان ئەو دوو گێڕەرەوەیەدا هەنگاو دەنێت، بەڵام لە راڤەکردنێکی چڕداو وەستان لەسەر کردارو گوتەکان وا دەکات هەست بە هەندێک سەربەخۆیی روانینەکان بکەین. ئەو دەسەڵاتەی گێڕەرەوەی دووەم پێی دەبەخشرێت، رووکەش و کارتۆنی نییە وەک ئەوەی بۆ رازاندنەوەی دەقەکە کرابێت لەڕووی هونەرییەوە، بەڵکو لەگەڵ ئەوەی لە هەندێک شوێندا گێڕەرەوەی یەکەم وەک هاوکاری گێڕەرەوەی دووەم دەردەکەوێت، لە هەندێ شوێنی دیکەدا درک بە پیادەکردنی روانینی تایبەتی گێڕەرەوەکان دەکەین. زۆرجار گێڕەرەوەی یەکەم زەمینە بۆ نووسینی چیرۆکەکەی (فەرهاد) خۆشدەکات، کە لە لایەن گێڕەرەوەی دووەمەوە دەنووسرێت.

(گوتم: بەتەمای تاکەی عەشقی فەرهادو کاڵێ لە خەڵکی کۆڵان بشاریتەوە؟

نووسی: خۆشەویستی پەنهان ناکرێت. لە کۆڵانێکی تەنگەبەرو داخراودا نیگاو چرپەی عاشقانەو دزەژوانی پەنامەکی لە چاو و گوێی کەس ون نابێت-١/٩٨).

(گوتم: پیاو کە ناچاربێ لە ماڵ نەچێتەدەر. کە دەستی نەچێتە هیچ کارێک...

نووسی: لە ماڵ ناچێتەدەر فەرهاد-١/١٥٦).

لەهەندێ شوێنی دیکەی دەقەکەدا، هەست بە ناتەبایی یان لانی کەم جۆرێک لە روانینی جیاواز دەکەین لە نێوان ئەو دوو گێڕەرەوەیەدا.

(گوتی: تۆ زۆر پێدەکەنی.

بە تووڕەیی و بێزاربوونەوە گوتی، بەڵام زوو پەشیمان بووەو گوتی: ئەڵبەت پێکەنین کارێکی خراپ نییە.

ئەوەی گوت چونکا نەیدەویست بمرەنجێنێ. رەنگە ترسابێ لێی بتۆرێم-١/١٠).

(گوتم: لەوە دەچێ ئەم چیرۆکە بە خۆشییەوە تەواو ببێ. خوازبێنی و زەماوەندو..

بەپێکەنینەوە گوتم. ئەو سەری هەڵبڕی و سەیری کردم. لەپێش مێزەکەی بوو.

گوتی: دەترسم ئەم چیرۆکە هەرگیز تەواو نەبێ-١/١٦٤).


ئەگەرچی لەڕووی ماناوە ئەو دوو چیرۆکە جیاوازن

# هەموو قسەکردنێکی کەسێتییەکان بە ناوی نووسەرەوە، وا دەکات نووسەر لای خوێنەر ئاشکرا بکات

و هەریەکەیان مەبەستی لە چیرۆکەکەی خۆیەتی، بەڵام جۆرێک لە وەڵامدانەوەو بەرووداوەستانەوەی پێوەدیارە. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک گێڕەرەوەی یەکەم لە کۆڵان و شەقامەکاندا دوای گێڕەرەوەی دووەم دەکەوێت لە سەرەتای دەقەکەدا، ئەو رەفتارە گێڕەرەوەی دووەم بێزار دەکات. ئەو جۆرە پەیوەندییەی لە نێوان گێڕەرەوەی یەکەم و گێڕەرەوەی دووەمی دەقەکەدا هەیە، لەڕووی کردارو قسەکردنەوە کەشێکی ئاسایی وا درووست دەکات کە وەک دوو کەسی سەربەخۆو هەندێجار یەک روانین و هەندێجاریش روانینی جیاواز تەماشا بکرێت. لەوێشدا هەست بەوە دەکەین (گێڕەرەوەی دووەم) جۆرێک لە ئازادیی هەیەو لە گۆشەنیگایەکی تایبەتەوە وێنای شتەکان دەکات، تەنانەت ئەو چیرۆکەی گێڕەرەوەی دووەم دەینووسێت، لەڕووی زمانەوە جیاوازە لە چیرۆکی گێڕەرەوەی یەکەم. ئەوەی خەمی سەرەکیی گێڕەرەوەی یەکەمە، ئەوەیە هەوڵبدات گێڕەرەوەی دووەم چیرۆکەکەی تەواو بکات، چونکە چارەنووسی تەواوبوونی چیرۆکی گێڕەرەوەی یەکەم، بەندە بە تەواوبوونی چیرۆکی گێڕەرەوەی دووەمەوە. راستە گێڕەرەوەی یەکەم هاوکاریی گێڕەرەوەی دووەم دەکات بۆ نووسینی چیرۆکەکەی و (فەرهاد)یشی پێ دەناسێنێ و لەگەڵیدا دەبێت بۆ هەندێ لە شوێنەکان، بەڵام (میهرەبان) ئازادە لە روانین و چۆنێتیی نووسینی چیرۆکەکەیدا.

ئازادبوونی گێڕەرەوەی دووەم و نەبوون بە سێبەری گێڕەرەوەی یەکەم، کەسێتییەکی خاوەن ئایدیای جیاواز درووست دەکات، ئەو جیاوازییەش وا دەکات هەردوو گێڕەرەوەکە خاوەنی گۆشەنیگای تایبەت بە خۆیان بن و روانینی جیاوازیان هەبێت بۆ وێناکردنی شتەکان. (میخائیل باختین) دەڵێت (مرۆڤی قسەکەر لە رۆماندا، خاوەنی ئایدیای خۆیەتی، وشە بەردەوام گوتەیەکی ئایدیۆلۆژییەو زمانی تایبەتیش لە رۆماندا، بەمانای گۆشەنیگای تایبەت دێت بۆ جیهان)- ١١٠/٧.

بە تەنها لە تەماشاکردنێکی خێرای هەردوو چیرۆکەکەدا، بەتەواوی هەست بەو دوو گۆشەنیگا جیاوازە دەکەین. ئەو دابەزینەی گێڕەرەوەی یەکەم ئەنجامی دەدات بۆ لای گێڕەرەوەی دووەم، بەو ئەندازەیەی لە گێڕەرەوەی دووەم نزیک دەبێتەوە، ئەوەندەش دوور دەکەوێتەوە لە نووسەر. ئەوەش لەڕووی هونەرییەوە گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەیە، کە تا چەند گێڕەرەوە ماوەی نێوان خۆی و کەسێتییەکان و نووسەر وێنا دەکات. چەمکی (ماوە- distance) لە دەقدا ئەو پارێزگارییەیە کە نووسەر لە نێوان خۆی و کەسێتی و خوێنەردا درووستی دەکات، یان لە نێوان کەسێتییەکاندا دەردەکەوێت. (ئەفلاتون) یەکەمین کەسە ئاماژەی بەم چەمکە داوەو لە کتێبی (کۆمار)دا باسی کردووە. هەربۆیە پێویستە رۆماننووس ئاگادار بێت هیچ دەنگێک لە دەرەوە خۆی نەکات بە دەقدا، کە دەلالەت لە دەنگی نووسەر بکات، چونکە هەموو قسەکردنێکی کەسێتییەکان بە ناوی نووسەرەوە، وا دەکات نووسەر لای خوێنەر ئاشکرا بکات. گێڕەرەوەی سەرەکی و کەسێتییەکان لە رێگەی جوڵەو دەنگەوە بازنەیەک درووست دەکەن، هێنانی هەر دەنگێک لە دەرەوەی ئەو بازنەیە، وێنایەکی نامۆ دەبەخشێتە دەقەکەو خوێنەر هەست بە هەموو ماددەیەکی نامۆ دەکات.



**رۆب گرێ**

(ئالان رۆب گرێ) دەڵێت (رۆماننووسی باش ئەو کەسەیە کە چیرۆکی جوان دادەهێنێ و بەجوانترین رێگە دەیگێڕێتەوە). برگەی دووەمی وتەکەی (رۆب گرێ)، بەهای هونەری دەبەخشێتە برگەی یەکەم، چونکە بە تەنها داهێنانی چیرۆکی جوان (بە وتەی رۆب گرێ) نابێتە هۆی کارێکی داهێنراوی سەراپاگیر، ئەگەر لایەنی هونەریش کۆمەکی نەبێت



درێژیی ماوەی نێوان نووسەرو کەسێتییەکان، بە دیوێکی تردا لادانە لە گێڕەرەوەی هەمووشتزان و دوورکەوتنەوەیە لە دەستتێوەردانەکانی. راستە هەموو ئەوە دەزانین ئەم دەقە لەلایەن نووسەرێکی دیاریکراوەوە نووسراوەو کەسێتییەکانیش بە وتەی رۆلان بارت (لە کاغەز درووستکراون-٢/٣٨٤)، بەڵام ئێمە لێرەدا دەبێت بەر کارێکی هونەری بکەوین و ئەوەی دەیخوێنینەوە دەقێکی فەنتازی و هونەرییە، نەک ژیان و یاداشتی تایبەتی. هەوڵی شاردنەوەی نووسەر لە دەقدا تازە نییەو هەر لە سەرەتای نووسینی رۆمانەوە هەست بەو شێوە هەوڵدانە دەکرێت. یەکێک لە مێژوونووسانی رۆمانی ئینگلیزی دەڵێت (ئەگەر چاوێکی خێرا بە رۆمانی ئینگلیزیدا بخشێنین لەسەردەمی فیلدینگ-ەوە تا ئێستا- مەبەستی ساڵی ١٩٣٠یە، ئەوا پێش هەموو شتێک هەوڵی زۆر بۆ شاردنەوەی نووسەر تووشی شۆکمان دەکات-٢٠٥/١٨). شاردنەوەی نووسەری راستەقینە لە دەق و دوورخستنەوەی لە رەنگدانەوەی دەنگ و گوزارشت و سێبەری بەسەر پێکهاتەی حکایەتەوە، لە زۆرێک شوێن و رێبازی رەخنەییشدا هەستی پێدەکرێت. جگە لە رەخنەگران، زۆر نووسەری دەق هەوڵیان داوە خۆیان لە رەنگدانەوەی راستەوخۆی دەنگ و رەنگی خۆیان بپارێزن بەسەر دەقەکانیانەوە. «گۆستاف فلۆبێر»یش ئەوکاتەی لە نامەیەکدا نووسەر وەک خودا وێنا دەکات، مەبەستی لەوەیە کە نووسەر دەبێت دەسەڵاتی تەواوی بەسەر پێکهاتەو بەڕێوەچوونی دەقەکەیدا هەبێت، وەک دەسەڵاتی خودا بەسەر تەواوی گەردووندا، بەڵام بەهەمانشێوە چۆن خودا دەرناکەوێت و نابینرێت، ئاوهاش نابێت نووسەر لە دەقدا ببینرێت.

دابەزینی گێڕەرەوەی یەکەم بۆ نێو نێو دەقەکەو جۆرێک لە بەشداریکردن لە بەڕێوەچوونی رووداوەکاندا، لەگەڵ ئەوەی ماوەی خۆی و نووسەری راستەقینەی رۆمانەکە دوور دەخاتەوە، لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە بەشداریکردن و دەستتێوەردانی گێڕەرەوەی نادیار لەگەڵ پێدانی جۆرێک لە سەربەخۆیی بە گێڕەرەوەی دووەم، بە شێوەیەک لە شێوەکان لۆژیکی بێت. لەبەرئەوەی کاتێک گێڕەوەی نادیار رۆمانێک دەگێڕێتەوە، ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین لە چ شوێنێکدا وەستاوەو لە کوێدا بە راستەوخۆیی دەست لە دەقەکە وەردەدات. ئەویش لە رێگەی گوتەو راڤەی رەوشی رووداوەکانەوە دەردەکەوێت، ئەوکاتەی هەست بەوە دەکەین کە ئەو دەنگە لە دەرەوە دێتە نێو دەقەکەوە. هەربۆیەشە وادەکات گێڕەرەوە ئەو پاساوانە بخوڵقێنێ، کە کردارەکەی رێگەیەکی لۆژیکی بێت و دووربێت لە رازاندنەوەو گەمەیەک لە فۆرمدا. هەموو ئەو جوڵەیەی گێڕەرەوەی یەکەم ئەنجامی دەدات، کاردانەوەی خواستی بەڕێوەچوونێکی لۆژیکیی رۆمانەکەیە، لەگەڵ ئەوەشدا گوتەکانی رەنگدانەوەی کردەو گوتەی خوڵقاوی پێکهاتەی گێڕانەوەی دەقەکەیە، کە لە رێگەی ئەو جوڵەو گوتانەوە بە شێوەیەکی هونەری شوێن و ماوەی خۆی لەگەڵ کەسێتی و رووداوەکاندا رێکدەخات و ماوە نادات خوێنەر بەردەوام پێشبینیی رووداوەکان بکات و لە سەرەتاوە کۆتایی دەقەکەی لا روون بێت.

کاتێک گێڕەرەوەی دووەم کە «میهرەبان»ە بەشێک لە دەسەڵات و سەربەخۆیی لە گێڕەرەوەی دووەم وەردەگرێت، پراکتیکی کردارو

# مەرج نییە شوناسی کەسێتی لە گێڕانەوەی ژیانیدا بێت، بەڵکو دەکرێت وەسف و جوڵەو دەنگیان شوناسی بوونیان بخاتەڕوو

گوتەکانی ئەو بەشێکی زۆری پێکهاتەی دەقەکەی دەکەوێتە ئەستۆ. پەیوەندیی گێڕەرەوەی دووەم بە کەسێتییەکانی دیکەوە، ڕەنگدانەوەی ئەو پەیوەندییەی لەسەرە کە گێڕەرەوەی یەکەم پێی دەبەخشێت. وەک ئاماژەمان پێدا گێڕەرەوەی دووەم ئەوکاتەی چیرۆکەکەی دەنووسێت، بە زمان و فۆرمێکی جیاواز لە چیرۆکی گێڕەرەوەی یەکەم ئەو کارە ئەنجام دەدات. لەگەڵ ئەوەی چارەنووسی (فەرهاد)ی لا روونە، بەڵام تا ئەوکاتەی دەقەکەی تەواو دەکات نازانێت (کالێ) چیی بەسەر دێت.

(لەیلا گوتی: ئەی کالێ. کالێ چی بەسەر دێت؟ هێشتا نازانم. من چیرۆکی کالێ ڕۆژ بە ڕۆژ دەنووسم. واتە تەنها ئاگاداری ئیمڕۆیم و لە سبەینێ بێ خەبەرم. وەک خۆی کە لە ئیمڕۆدا دەژی و ئاگای لە سبەینێ نییە-١٣٥/١).

ئەم ڕوانینە ئەگەرچی دەکرێت بە دیوێکیدا دەلالەت بێت لەوەی وەک چۆن (میهرەبان) ئاگای لە چارەنووسی (ئەفسانە) نییە، کە بەچی مردووە؟ بەوشێوەیەش ئاگای لە چارەنووسی (کالێ) نییە. هەر ئەوەشە وا دەکات ئەوکاتەی دەکەوێتە سەر کەڵکەڵەی دۆزینەوەی چارەنووسی (کالێ)، گەڕان بەدوای چارەنووسی (ئەفسانە)ی دەکەوێتە خەیاڵ. لەگەڵ ئەوەشدا ئاگادار نەبوون لە چارەنووسی (کالێ)، سەربەخۆیی ئەو کەسێتییە دەردەخات کە لەلایەن گێڕەرەوەی دووەمەوە رام ناکرێت و پێشتر هەموو چیرۆکەکەی لا روون نییە، بە هەمانشێوەی رامنەبوونی تەواوی خۆی لەبەرامبەر گێڕەرەوەی یەکەمدا. ئەو هەوڵدانەی گێڕەرەوەی یەکەم بۆ زەمینەخۆشکردنی تەواوبوونی چیرۆکی (فەرهاد) لەلایەن گێڕەرەوەی دووەمەوە، ئەگەر وەک جۆرێک لە بەشداریکردنی گێڕەرەوەی یەکەم تەماشای بکەین بەمەبەستی تەواوکردنی چیرۆکەکەی خۆی، ئەوا لە پەیوەندیی (میهرەبان)دا بە کەسێتی و ڕووداوەکانی دەرەوەی چیرۆکی دووەمەوە، هەست بەو هەوڵدانە ناکرێت. واتە کاتێک هەوڵەکانی گێڕەرەوەی یەکەم بۆ تەواوکردنی چیرۆکەکەی (میهرەبان) بەشێوەیەک لە دەستتێوەردان تەماشا بکەین، ئەوا لە دەرەوەی ئەو چیرۆکە ناتوانین هەست بە جوڵەو گوتەی ئارەزوومەندانەی گێڕەرەوەی یەکەم بکەین لە گێڕانەوەی دەقەکەدا. کەسێتییەکانی دەوروبەری (میهرەبان) هەریەکەیان دەنگ و جوڵەی سەربەخۆی خۆی هەیەو ڕوانینەکانیان گوزارشت لە خواست و ئارەزووی گێڕەرەوەی یەکەم ناکەن. ئەگەر کەسێتییەکان بەشێوەی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ دابەش بکەین، لەوێشدا هەست بەوە ناکەین دەنگ و ڕوانینە هاوبەشەکان هەمان جیهانبینییان هەبێت.

## شوێن و پێگەی کەسێتییەکان

(میهرەبان) دوای چەند ساڵێک ژیان لە تاراوگە، بەئوستالیژیاکەوە گەڕاوەتەوەو جگە لە نووسینی چیرۆکەکەی، هیچ پەیوەندییەکی ڕۆحیی بە ئێستاوە نییەو بەردەوام لە رابردوودا دەژی. (هەموو شوێنێکی ماڵەکە بۆنی باوکی لێ هاتبوو، شوێنی نەبوونی باوکی و بۆنی تێپەڕبوونی زەمان-٢٣/١). ئەو ئێستای ئەو ماڵەی لەلا گرنگ نییە، بەڵکو بەردەوام رابردووی ئەو ماڵە لە خەیاڵ و بیری دایە. ماڵێک لە ئێستادا ناتوانێت هەمووان کۆبکاتەوە، مەگەر بەشێوەیەکی دەستکرد ئەوە رووبدات، دەنا لە ئێستادا گۆشەنیگای ئەو کەسانەی پەیوەندییان بەو ماڵەوە هەیە زۆر لەیەکدییەوە دوورە.



ڤلادیمێر پرۆپ

زۆربەی ڕەخنەگران لەسەر ئەوە کۆکن کە هەوڵەکانی (ڤلادیمێر پرۆپ) لەسەر ڕاڤەکردنی حیکایەتی فۆلکلۆری دەکرێتە هەوڵی بەرایی ئەو باسانەی لەسەر گێڕانەوە خراونەتەڕوو



(میهرەبان) دەیەوێت چیرۆکەکەی لەو ماڵەدا تەواو بکات، (بارام) دەیەوێت هەرچی زووترە ئەو خانووە بفرۆشێت، (مونیرەو رووناک) دەیانەوێت لەو ماڵەدا ژن بۆ (میهرەبان) بگوازنەوە. دەبینێت هەریەک لەو کەسانە دەنگی سەربەخۆو روانینی جیاوازی خۆیان هەیە، ئەوەش دەلالەت لە گۆشەنیگای جیاوازی ئەوان دەکات لە دەربڕین و روانینیاندا بۆ دەوروبەر. ئەگەر جوڵەو دەنگی هەریەک لە کەسێتییەکانی تری وەک (جەلالی و لەیلاو ئەفسانەو پیرێژن و رەحیم و ...) وەربگرین، لەوێشدا هەست بەوە دەکەین کە هەریەک لەو کەسێتییانە خاوەنی دەنگ و روانینی سەربەخۆی خۆیەتی. جگە لە لێکنزیکردنەوەی کەسێتیی (میهرەبان- فەرهاد)و (ئەفسانە- کالێ) لە هێڵێکی گشتیدا، ئەوا کەسێتییەکانی دیکە بەدابەشکردن بەسەر کەسێتیی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤدا بە تەواوی ناچنەوە سەر یەک شێوە دنیابینی و روانینی هاوبەشەوە. (بارام و رەحیم) لەگەڵ بوونی رۆڵێکی نێگەتیڤ لە بەڕێوەچوونی دەقەکەدا، بەڵام پێکهاتەو روانینی ئەو دوو کەسێتییە لە یەکدی جیاوازن. هەروەها (رووناک و جەلالی و مونیرەو لەیلا)ش وەک کەسێتیی پۆزەتیڤ، ئەوانیش لەڕووی دەرکەوتنەوە جیاوازن.

هەربۆیە ئەگەر بەدیوێکی تردا تەماشا بکەین، دەبینین کەسێتییەکان لەڕووی کردارو دەنگەوە هەریەکەیان نوێنەرایەتیی چەند روانینێکی لێکتر جیاواز دەکەن و گێڕەرەوەش ئەو جیاوازییانە قبوڵ دەکات، کە ئەوەش جارێکی تر لادانە لە گێڕەرەوەی هەمووشتزان. دەرکەوتنی کەسێتییەکان لەگەڵ ئەوەی شوناسیان نادیارەو نازانرێت رابردوویان چۆن بووە، بەڵام لە رێگەی دەقەکەوە شوێنی شیاو و تایبەتیان بۆ دەڕەخسێنرێت. واتا بوونی چەند دەلالەتێک مانایەکی گشتی دەبەخشێتە سەردەمی تەمەنی کەسێتییەکان.

ئێمە نازانین (میهرەبان) لە تاراوگە چۆن ژیاوە، بەڵام لە رێگەی هەندێک ئاماژەی ئێستاوە لەوە تێدەگەین کە لە ژیانێکی نامۆدا بووەو نۆستالیژیا سەراپای ژیانی ئەو سەردەمەی داگیرکردووە. هەموو دەرکەوتنەکان زەمینەیەکی پێشینەیان بۆ ناڕەخسێنرێت، بەڵکو لە شوێنی شیاوی دەرکەوتنیاندا جوڵەو دەنگ و وەسفەکانیان شوناسیان دیاری دەکات. واتە مەرج نییە شوناسی کەسێتی لە گێڕانەوەی ژیانیدا بێت، بەڵکو دەکرێت وەسف و جوڵەو دەنگیان شوناسی بوونیان بخاتەڕوو. وەک (رۆلان بارت) وا دەڕوانێتە کەسێتییە کە (بەرهەمی کردەی نووسینە- ٥٠/٤). مەبەستی (بارت) ئەوەیە کە شوناسی کەسێتی لە دەقدا دابەش دەبێت بەسەر وەسف و ئەدگارەکاندا.

لەم رۆمانەدا کەسێتییەکان ئەو جۆرە سەربەخۆییەی کە بەدەستی دەهێنن، لە رێگەی جوڵەو دەنگی تایبەتی خۆیانەوەیە.

ناکرێت پەیڤینی کەسێتییەکان بەشێوەیەکی ئاسایی تەماشا بکرێت وەک ئەوەی گێڕانەوەی دەقەکەی پێ بەڕێدەکرێت. (لە رۆماندا ئەوەی قسە دەکات لە بنەڕەتدا ئەوە تاکێکی کۆمەڵایەتییە- ١٠٢/١٤)، واتە هەموو گوتەیەک لەلایەن کەسێتییەکانەوە بەدیوێکدا بەشدارە لە بونیادی گوتاری دەقەکەداو بەدیوێکی دیکەدا دەلالەت لە روانین و گۆشەنیگای تایبەتی خۆیان دەکات. هەربۆیە لەم رۆمانەدا روانینی کەسێتییەکان لە رێگەی روانینی گێڕەرەوە دەستنیشان ناکرێت، بەوەی راڤەی بیروڕاکانیان بکات و حکومی خۆی لەسەریان بدات. ئەوە جوڵەو گوتەی خۆیانە دەلالەت

# لەم رۆمانەدا کەسێتییەکان
# ئەو جۆرە سەربەخۆییەی بەدەستی دەهێنن،
# لە رێگەی جوڵەو دەنگی تایبەتی خۆیانەوەیە

لە گۆشەنیگاو روانینی خۆیان دەکات. دوو بەرەی کەسێتی لە دەقەکەدا هەیە، بەرەیەکیان لە هەوڵی پاراستن و بەهەندگرتنی کەلەپوورو رابردوودایەو بەرەکەی دیکەش هەوڵی رووخاندن و تێکدانی ئەو رابردووە دەدات. (بارام) بە (میهرەبان) دەڵێت (هەموو یادگارەکان جگە لە چەند رەسم کە توانای دڵ لێ هەڵکەندنیانم نەبوو. رەسمی تۆ، رەسمی باوکم و... باقی شتەکانمان بۆ تۆ دانا. دەمانزانی رۆژێک لە رۆژان دەگەڕێیتەوە. هەموو یادگارەکانی بنەماڵەمان بۆ تۆ دانا. دەمانزانی چەندەت خۆشدەوێن- ٢٤/١). (بارام) کاری بە یادگاری و رابردووەوە نییە، چونکە ئەو یەکێکە لە نوێنەری ئەو بەرەیەی رابردوو خاپوور دەکات، بەڵام (میهرەبان) هەموو ژیانی بەندە بە رابردووەوەو لەکاتی رۆیشتنییەوە تا ئەوکاتەی دەگەڕێتەوە، بە ماوەیەکی بێ بەها تەماشای دەکات.

(هەموو ئەم ماوە ئەو لە کوێ بوو؟ بارام پرسیبووی؟ گرنگ نەبوو کێ پرسیویەتی، گرنگ ئەوە بوو حەساری ماڵەکە، باخچە پڕ لە گوڵ و دارو درەختەکەی میرزا سەعید وێران بووبوو- ٢٢/١)، هەر لەو روانگەیەشەوەیە لەو مۆزەخانەیەدا کە پاشماوەی سێ هەزار ساڵ لەمەوپێشی تیادا نمایش دەکرێت، (میهرەبان و جەلالی و لەیلا)ی تیادا دەبینین، نەک کەسانی دیکە. ئەو کاتەی کەسێتییەکان لەم رۆمانەدا بەجیاو سەربەخۆ دەنگی خۆیان هەیەو روانینیان بۆ دەوروبەر جیاوازە لە یەکدی، لەوێدا بە کۆبوونەوەی ئەو دەنگانە دەقەکە خۆی لە تاکدەنگی دووردەخاتەوەو شێوەیەک لە فرەدەنگی بە رۆمانەکە دەبەخشێت، وەک دەزانرێت لە رۆمانی «تاکدەنگی monophony»دا هەموو کەسێتییەکانی نێو دەقەکە پابەندن بە روانینی گێڕەرەوەی رۆمانەکەوە، زۆرجار گێڕەرەوە کەسێتییەکی نێو دەقەکەیەو هەندێجاریش لەدەرەوەی دەقەکەوە ئامادەبوونی هەیە، لەوێشدا سەرجەمی روانینەکانی وەک ئایدیۆلۆژیایەکی تاکڕەهەند ئاراستە دەکرێن و روانینی نووسەری دەقەکە زاڵ دەبێت بەسەر سەرجەمی کەسێتییەکاندا. هیچ ئازادییەک بۆ کەسێتییەکان نامێنێتەوە، بۆ ئەوەی روانینی تایبەتی خۆیان بخەنەڕوو. تاکدەنگی لە رۆماندا هێڵێکی ئاراستەکراوی دیار بونیاد دەنێت و بەشێوەیەک رێدەکات کە مانای زانراو بەرهەمدێنێ، بەوەی لەیەک رەهەندی بیرکردنەوەوە ئاراستە دەکرێت و ئەمەش پانتایی ئاڵۆزی و پرسیار تەسک دەکاتەوەو رێگرە لە فرەیی روانین و بیرکردنەوەی جیاوازەوە. کەمجار دەتوانرێت لەم شێوە دەقەدا ماناو دەلالەتی جیاوازو ئاکامێکی کراوە بەرهەمبهێنرێت. جگە لەوەش دەقی تاکدەنگی زۆر بەکەمی دەتوانێت پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ خوێنەردا درووست بکات، چونکە ناتوانێت بۆشاییەکی ئەوتۆ ببەخشێت بە خوێنەر کە تێیدا بە دوای پرسیارو کرانەوەی کۆدەکاندا بگەڕێت. پێچەوانەی ئەو خستنەڕووە، دەبینین لە رۆمانی «فرەدەنگی polyphonic»دا کەسێتییەکانی نێو دەقەکە خاوەنی دەنگی سەربەخۆی خۆیانن و هەریەکەیان جوڵەو گوتەکانیان گوزارشت لە روانینی تایبەتی خۆیان دەکات. رۆماننووس و رەخنەگری ئەمریکی (لیۆن سومەرلیان) گرنگییەکی زۆری بە جیاکردنەوەی ئەم دوو شێوازە داوە. ئەم فرەدەنگییە لە رۆماندا بەو سەربەخۆییەی بە کەسێتییەکانی دەبەخشێ، وا دەکات هەریەک لەو کەسێتییانە ببنە



**باختین**

(باختین) پێی وایە کە (دۆستۆیڤسکی) یەکەمین کەسە شێوازی فرەدەنگیی لە رۆماندا بەکارهێناوە. دواتر لەلایەن چەند رەخنەگرێکی وەک (بۆریس ئۆسبنسکی و تودۆرۆڤ و جۆلیا کرستیڤاو رۆجەر فاولەر) و چەند رەخنەگرێکی ترەوە گرنگی بەو چەمکە درا



خاوەنی گۆشەنیگای تایبەتی خۆیان و گێڕەرەوە ناتوانێت کۆنترۆڵی دەنگ و جوڵەیان بکات و روانینی خۆی بەسەریاندا زاڵ بکات. هەر ئەوەشە وادەکات کە (لیۆن سومەرلیان بە رۆمانی فرەدەنگی بڵێت: رۆمانی فرەگۆشەنیگا-٢٢/١٠).

(باختین) پێی وایە کە (دۆستۆیڤسکی) یەکەمین کەسە شێوازی فرەدەنگیی لە رۆماندا بەکارهێناوە. دواتر لەلایەن چەند رەخنەگرێکی وەک (بۆریس ئۆسبنسکی و تۆدۆرۆڤ و جۆلیا کرستیڤاو رۆجەر فاولەر)و چەند رەخنەگرێکی ترەوە گرنگی بەو چەمکە درا. ماوەیەکی زۆر بەسەر ئەو ئاشکراکردنەی (باختین)دا تێپەڕی، (چونکە باختین بۆ یەکەمجار لە ١٩٢٩داو لە چاپی یەکەمی کتێبێکدا ئاماژەی بەوەداوە، بەڵام دواتر لە شەستەکان و حەفتاکاندا لەلایەن چەند رەخنەگرێکی وەک تۆدۆرۆڤ و کرستیڤاوە رووناکیی خرایە سەرو ئاوڕی لێ درایەوە-٣١/٢٠). هەربۆیە گوتەو جوڵەی دەنگە سەربەخۆکان لە رۆمانەکەدا پێکەوە گوتاری دەقەکە دروست دەکەن و دووردەکەونەوە لە گوتارێکی تاکڕەهەندی، کە لە رێگەی گێڕەرەوە بەرجەستە دەبێت. کەسێتییەکان بەهۆی گوتەکانیانەوە کە دەری دەبڕن، دەنگێکی تایبەت بەرهەمدەهێنن و نابنە دەرکەوتەیەکی رووتی وەسفی گێڕەرەوە. وەک (گریماس) ئاماژەی بۆ دەکات (کەسی قسەکەر لە رۆماندا ئەو کەسە مەزەندەکراو و گریمانەییەیە کە بەهۆی قسەکانییەوە دروست دەبێت-٢٧٤/٢٨). کەواتە لە دۆزینەوەو ئاشکراکردنی گۆشەنیگادا بە تەنها هەر ئەوەندە بەس نییە گوتەو روانینەکانی گێڕەرەوە وەربگرین، بەڵکو جوڵەو قسەی کەسێتییەکانیش گرنگیی خۆیان هەیە. لەوکاتەشدا دەبێت جیاکاری بکەین لە نێوان ئەو روانینانەی گێڕەرەوە دەریان دەبڕێت، لەگەڵ روانینی کەسێتییەکانی تری دەقەکەدا. لەوێشدا (ئێمە لەبەردەم دوو شێوازی گرنگداین: نمایشێک لە رێگەی قسەی کەسێتییەکانەوە دەخرێتەڕوو، لەگەڵ گێڕانەوەیەکیش کە گێڕەرەوە دەیخاتەڕوو-٢٢٥/١٣). ئەم شێوە جیاکارییە کارێکی هەروا ئاسان نییەو لەنێو دەقدا دژیەکیی زۆری دروست کردووەو زۆرێک لە رۆماننووسەکان کۆنترۆڵی تەواوی ئەم بەڕێوەچوونەیان بۆ ناکرێت. هەرئەوەش وایکرد (جیرار جینێت) ئاراستەی پرسیارەکان دابەزێتنێتە سەر ئەوەی (کێ دەبینێ؟ کێ قسە دەکات-١٩٨/١٧). گرفتی (گۆشەنیگا) لە دەقدا ئاڵۆزییەکی زۆری لێ دەکەوێتەوە، بەتایبەت لە پەیوەندیدا بە کەسێتییەکانەوە. (تۆدۆرۆڤ) دەڵێت (رەخنە لەسەدەی بیستەمدا هەوڵیدا کێشەی کەسێتی لە کێشەی گۆشەنیگا داببڕێت-٧٢/١٩). ئەوە ئاڵۆزیی ئەو چەمکەیە وای کردووە رەخنەگران هەوڵی ئەو جیاکارییە بدەن. هەموو وتەیەک کە ئەوان دەری دەبڕن، مانایەکی سەربەخۆ بەرهەمدێنێ، کە پەیوەستە بە کردارو بکەری دەقەکەوە. تەماشا دەکەین (ڤێندریس) دەنگ وا دەناسێنێ کە (رووخسارێکە نمایشی پەیوەندیی نێوان کردارو بکەر دەکات، بەو مانایەی بکەر ئەو کەسەیە کە وەردەگرێت یان دەیگێڕێتەوە یان بەشداریی تێدا دەکات-١١٧/١٢).

## بەرجەستەبوونی ماوەو پەیوەندییەکان

ئەگەر تەماشای پەیوەندی و ماوەی نێوان کەسێتییەکان بکەین لەگەڵ گێڕەرەوەی یەکەم

# تاکدەنگی لە ڕۆماندا هێڵێکی ئاراستەکراوی دیار بونیاد دەنێت و بەشێوەیەك ڕێدەکات کە مانای زانراو بەرهەمدێنێ

و دووەمدا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، ئەو ماوەو پەیوەندییەی کەسێتییەکان دەیخوڵقێنن، لە سروشتی ئاسایی بەڕێوەچوونی دەقەکەوە سەرچاوەیان گرتووە. بەو مانایەی پەیوەندی و ماوەکان بەزۆر درووست نەکراون و لەگەڵ ئەوەی وەک ڕۆڵی ئاسایی خۆیان بەشێکی پێکهاتەی گێڕانەوەو ڕووداوەکان پێکدەهێنن، لە هەمانکاتدا بەجیا کیانێکی سەربەخۆیان هەیەو کۆکراوەی چەند دەنگێکی جیاوازن. وەک چۆن گێڕەرەوەی یەکەم نزیکدەبێتەوە لە گێڕەرەوەی دووەم و ئەو ماوەیە کەمدەکاتەوە کە لە نێوانیاندا هەیە، بۆ ئەوەی بتوانێت بە تەواوی لێی تێبگات، بە هەمانشێوە میهرەبانیش زۆر نزیکە لە کەسێتییەکانەوە. ئەوەش زۆرجار ئاڵۆزی و زەحمەتی بۆ درووستدەکات. (نووسینی چیرۆکی ئەو کەسانە کە لەناویاندای و، لەناویاندا دەژی کارێکی دژوارە-٢٥/١). لەوێشدا هەست بەوە دەکەین کە هەریەک لە کەسێتییەکان بەپێی ئەو ڕۆڵەی دەیگێڕێ، بەشدارە لە بەڕێوەچوونی ئەو چەند ڕۆژەی ژیانی (میهرەبان)و لە پێکهاتەیەکی گشتیشدا بەشدارن لە سەروبەندی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا، بەڵام ئارەزووی گێڕەرەوە زاڵ نابێت بەسەریانداو بە هیچ شێوەیەک وا دەرناکەون کە بەزۆر بجوڵێنرێن. لە ئاکامدا ئێمە ڕووبەڕووی کۆمەڵێک گۆشەنیگای جیاوازو تایبەت دەبینەوە، بەوەشدا هەست بەو گرفتانە ناکەین کە گێڕەرەوەی هەمووشتزان لە ڕۆماندا درووستی دەکات. نزیکبوونەوەی هەموو ئەو ماوانە لە نێوان کەسێتییەکاندایە، بە دیوێکی دیکەدا نووسەری ڕاستەقینە دوور دەخرێتەوەو ناهێڵرێت دەنگ و سێبەری دەربکەوێت. لێرەشەوە لەو بیروڕایە ڕزگار دەبین کە ڕوانین و دەنگی کەسێتییەکانی دەق بە ڕەنگدانەوەی ڕوانین و دەنگی نووسەر تەماشا دەکات. داڕشتن و چۆنێتیی بونیادنانی دەستەواژەو ڕستەکان کە لە گوتەی کەسێتییەکانەوە بەرجەستە دەبێت، نابێتە ڕەنگدانەوە بیری نووسەری دەق، بەڵکو چۆنێتیی ڕوانینەکانیان توانای بیرکردنەوەی کەسێتییەکان دیاری دەکات، نەک چۆنێتیی ڕستەو دەستەواژەکان لەڕووی ڕێزمانییەوە. لەبەرئەوەی ئێمە دەقێکی هونەری دەخوێنینەوەو بەر زمانێکی ئەدەبی دەکەوین، هەربۆیە داوا لە نووسەری دەق ناکرێت پەیڤینی کەسێتییەکانی بە زمانێکی ئاسایی ناو خەڵک بنووسێت، بەڵکو پێویستە ئاگادار بێت کەسێتییەکانی هەموویان توانای ڕوانین و بیرکردنەوەیان یەکسان نەبێت بە تواناو بیرکردنەوەی نووسەر. هەربۆیە ئەوە ڕوانین و بیرکردنەوەی کەسێتییەکانە نووسەر ئاشکرا دەکات، نەک چۆنێتی داڕشتنی ئەو ڕستەو دەستەواژانەی کە کەسێتییەکان دەریدەبڕن. لەم ڕۆمانەدا ڕوانین و بیرکردنەوەی کەسێتییەکان، بە ئەندازەی ئاستی ئەو پێگەو شوێنانەیە کە ڕۆمانەکە پێی بەخشیون، بۆ نموونە (مونیرە)ی خوشکی (میهرەبان) بە نیازە وەسێتی باوکی جێبەجێ بکات و لە خانووەکەی باوکیدا ژن بۆ براکەی بهێنێ و دواتریش ڕاستەخۆو ئاسایی داخوازیی (لەیلا) دەکات بۆ براکەی. بەڵام (لەیلا) لەبەرئەوەی ڕۆشنبیرەو شیعر دەنووسێت، بەشێوەیەکی تر لەوە تێدەگات کە (میهرەبان) نایەوێت ئەو بخوازێت.

(لەیلا گوتی: من ناتوانم کەسی چیرۆکەکانت بم؟ ئەو چیرۆکە تازانە کە لەمەودوا دەیاننووسی؟ ئەو گوتی: نا-١٣٤/١).

لەم ڕۆمانەدا ڕوانین و بیرکردنەوەی کەسێتییەکان، بە ئەندازەی ئاستی ئەو پێگەو شوێنانەیە کە ڕۆمانەکە پێی بەخشیون، بۆ نموونە «مونیرە»ی خوشکی «میهرەبان» بە نیازە وەسێتی باوکی جێبەجێ بکات و لە خانووەکەی باوکیدا ژن بۆ براکەی بهێنێ و دواتریش ڕاستەخۆو ئاسایی داخوازیی (لەیلا) دەکات بۆ براکەی. بەڵام (لەیلا) لەبەرئەوەی ڕۆشنبیرەو شیعر دەنووسێت، بەشێوەیەکی تر لەوە تێدەگات کە (میهرەبان) نایەوێت ئەو بخوازێت.



کاتێک کەسێتییەکان چۆنێتیی روانین و بیرکردنەوەکانیان گوزارشت لە ئاست و پێگەی خۆیان دەکات، ماوەی خۆیان لەگەڵ خوێنەردا کەم دەکەنەوە. بەوەش تا ئەندازەیەکی زۆر خوێنەر لە نووسەری راستەقینە دوور دەکەوێتەوە، چونکە نووسەر بەشێوەیەکی راستەوخۆو دیار لەنێو رۆمانەکەدا قسە ناکات و روانینەکانی خۆی بە ئاشکرایی ناخاتەڕوو. ئەوکاتەی نووسەر لەناو دەقدا قسە دەکات، لە زۆر حاڵەتدا گێڕانەوە لە کاتی رابردووەوە دەگۆڕێت بۆ کاتی ئێستا (کاتی نووسین)، لەوێشدا خوێنەر لە رووداوەکانەوە دەگوێزرێتەوە بۆ روانینەکانی نووسەر. لە رۆمانی نوێدا سنوورێکی زۆر بۆ دەستتێوەردانی نووسەر دانراوەو دەتوانێت لە رێگەی رێکخستنی گێڕانەوەوە رۆڵ لەوەدا بگێڕێت کە لە کوێدا دەیەوێت گرنگی بە چ بابەتێک بدات و قسەی لەسەر بکات، لە کوێشدا دەیەوێت بە راگوزەر بەسەر بابەتێکدا بڕوات. ئەویش لە رێگەی یاریکردن بە پاش و پێشخستنی کات و جێگۆڕکێ بە رووداوەکان دەتوانێت ئەو کارە بەئاکام بگەیەنێت.

لە سۆنگەی هەندێک لەو گەمە هونەرییەی گێڕانەوە دەیکات بۆ گوێزانەوەی رووداوەکان و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، هەست بەو شێوە دابڕانە ناکەین کە (هێنری جیمس) ئاماژەی بۆ دەکات، کە گێڕەرەوەی هەمووشتزان دەیخوڵقێنێت. چەندین گوێزانەوە لەم دەقەدا دەبینین کە بەشێوەیەک چارەسەر کراون، بە هیچ شێوەیەک خوێنەر هەست بە دابڕان و پچڕاندن ناکات. ئەو چارەسەرکردنەش لە رێگەی زەمینەخۆشکردنەوە ئەنجام دەدرێت، کە گێڕانەوە دەیگرێتە ئەستۆو رێگە نادات خوێنەر بۆشاییەک لەنێوانیاندا بدۆزێتەوەو وەک دابڕان تەماشای بکات.

(مونیرە گریابوو-خوشکت کوێر بێ... مێردەکەی گوتبووی: دەبێ خەتێکی تەلەفوون بۆ ئێرە راکێشین.

زرەی تەلەفوونەکەی لە ژوورەوە بیست-٢٥/١).

(کوورش گوتی: ئەو دەمانە کە من و تۆ دیومانە.

ئەو دەمانە کە خۆی رازاندووەتەوەو سواری پژۆیەکی سەوزی مودێل باڵا بووەو، یەکدو جاریش لە بۆنەکاندا سێتاری ژەندووە.. ئەو دەمانە عاشق بووە..

-واتە بۆ رازی کردنی کچەکە..

-کڵۆڵ ئەفسانە.

من گوتم. کاتێک ئەو گەڕابووەوە بۆ ماڵ و قسەکانی کوورشی بۆ گێڕامەوە، گوتم: کڵۆڵ ئەفسانە. کەواتە شووی بە پیاوێکی ناتەواو کردووە-١٧٠/١).

یەکێکی دی لەو خاڵانەی ئەم رۆمانە بۆ جیابوونەوەی لە تەواوی ئەدگارەکانی گێڕەرەوەی هەمووشتزان درووستی دەکات، بوونی چیرۆکە لەناو چیرۆکدا، یان رۆمان لەناو رۆماندا، ئەویش بە هۆی دوو چیرۆکەوە کە لەلایەن دوو گێڕەرەوەوە دەخرێنەڕوو. خوڵقاندنی رۆمان لەناو رۆماندا رێگە بەوە دەدات گۆشەنیگاکان بەسەربەخۆیی دەربکەون و گێڕەرەوەی سەرەکی ناتوانێت کۆنترۆڵی دەنگ و کرداری کەسێتییەکان بکات. ئەوەش مەرج نییە لە لایەن چەند گێڕەرەوەیەکەوە ئەنجام بدرێت، چونکە ئەو پرۆسەیە بەندە بە پەیوەندیی نێوان بەشە جیاوازەکانی حیکایەتەوە، کە گۆشەنیگای جیاواز بەرهەمدێنێت. (مەرج نییە رۆمان لەناو رۆماندا پابەند بێت بە فرەیی گێڕەرەوەکانەوە،

# لە ڕۆمانی نوێدا
# سنوورێکی زۆر بۆ دەستتێوەردانی نووسەر دانراوە

بەڵکو تەنها گێڕەرەوەیەک دەتوانێت لە ڕێگەی پەیوەندیی نێوان بەشە جیاوازەکانەوە حیکایەت درووست بکات-٤٩/٤). لەو ڕوانگەیەشەوە ئەم دەقە بە دوو جۆری جیاواز خۆی لە تاکڕەهەندیی گۆشەنیگا دوور دەخاتەوە، جارێک وەک خوڵقاندنی دوو گێڕەرەوەو دوو چیرۆکەوە، جارێکی دیکەش سەربەخۆیی کەسێتییەکان لە گوزارشتکردندا بە پێی پێگەو شوێنی تایبەتی خۆیان.

### نووسینەوەی یەک چیرۆک

لەم ڕۆمانەدا لەگەڵ ئەوەی دوو چیرۆک لەلایەن دوو گێڕەرەوەوە دەخرێتەڕوو، چیرۆکی (میهرەبان) کە لەلایەن گێڕەرەوەی یەکەم و سەرەکییەوە دەنووسرێت و چیرۆکی (فەرهادو کاڵێ) کە لەلایەن (میهرەبان)ەوە دەنووسرێت. لە ڕێگەی کۆمەڵێک ئاماژەو دەلالەتەوە بە تەواوی هەست بەوە دەکەین ژیان و پەیوەندیی (میهرەبان و ئەفسانە) زۆر نزیکە لە چیرۆکی (فەرهادو کاڵێ)وەو وا دەزانرێت کە (میهرەبان) چیرۆکی خۆیەتی و بە ناڕاستەوخۆیی و لەژێر ناوی تردا دەینووسێتەوە. لە دەقەکەدا نکوڵی لەوە دەکرێت و (میهرەبان) دەیەوێت وای پیشانبدات کە ئەوە چیرۆکی خۆی نییە دەینووسێتەوە، بەڵکو ئەوە چیرۆکی (فەرهادو کاڵێ)یە، هەربۆیە لە هەندێک شوێندا ئاماژە بەوە دەدات و پێی خۆش نییە چیرۆکی (فەرهادو کاڵێ) بە چیرۆکی خۆی بەراورد بکرێت.

(ئەو گوتبووی: من نامەوێ نەخشی کاڵێ لەڕووی ئەفسانەوە بکێشمەوە. نامەوێ کاڵێ هەمان ئەفسانە بێ یان لە ئەفسانە بچێ. سەرەتا کە دەستی بەنووسینی چیرۆکەکە کردبوو، گوتبووی: من نامەوێ چیرۆکی فەرهادو کاڵێ، چیرۆکی خۆم و...-٢٠٨/١).

لەگەڵ ئەوەی (میهرەبان) بەو شێوەیە دەیەوێت پێمان بڵێت ئەو چیرۆکی خۆی نانووسێتەوە، بەڵام کۆمەڵێک ئاماژە وا دەکات ئەو ڕوانینە لاواز بێت و بە دیوێکی تردا بابەتەکە لێکبدرێتەوە.

(هەموو ئەو کەسانە کە کەسی ڕابردووی بوون ترسابوو فەرامۆشیان بکا. وەک فەرهاد کە هەموو شت. هەموو کەسی فەرامۆش کردبوو-٣٠/١).

(کەواتە فەرهادیش ئەو قیژە تیژو ترسناکە دەبیستێ-١٥٩/١).

(گوتی: دەرۆمە دەر. دەمەوێ بزانم کاڵێ دوای ڕۆشتنی فەرهاد چی بەسەر هاتووە.

گوتی کاڵێ؟ گوتی ئەفسانە؟-١٦٦/١).

(ئەفسانە دەڵێت: مادام وایە بۆچی نابیتە دراسێمان؟ بۆ ماڵەکەی بەرامبەرمان بەکرێ ناگری؟ ماڵی ئەو پیرێژنە کە پەنجەرەی ژوورەکەی بەرامبەر بە پەنجەرەی ژوورەکەی منەو...

ئەو گوتی: وەک فەرهاد..-١٩٤/١).

(لەجێی فەرهاد دەستە باریک و ئێسکنەکانی لەدەوری ئەژنۆی ئاڵاندبوو. سەری بەملیەوە بۆ سەر شانی شۆڕبووەوە. وەک فەرهاد کە دەستە باریک و ئێسکنەکانی لەدەوری ئەژنۆی دەئاڵاندو.. چەندە لە فەرهاد دەچوو. قژی خۆڵەمێشی سەرو ڕیشی. ڕوومەتی تێک قوپاو و چاوی بەقووڵداچووی. دەتگوت لەپشت فەرهادەوە خۆی شاردووەتەوە. یان فەرهاد لەپشت ئەوەوە. چیرۆکنووس و کەسی چیرۆکەکەی ئێستا یەک کەس بوون-٢٠٨/١).

ئەگەرچی پاساوی ئەو لێکچوونەی لەنێوان ژیانی (میهرەبان)و (فەرهاد)دایە، بەوە دەهێنرێتەوە کە




ئەم دەقە بە دوو جۆری جیاواز خۆی لە تاکڕەهەندیی گۆشەنیگا دوور دەخاتەوە، جارێک وەک خوڵقاندنی دوو گێڕەرەوەو دوو چیرۆکەوە، جارێکی دیکەش سەربەخۆیی کەسێتییەکان لە گوزارشتکردندا بە پێی پێگەو شوێنی تایبەتی خۆیان



(رابردووی پیاوانی نەسلێک چەندە لەیەکتر دەچێ-٤١/١)، بەڵام ئاماژەو دەلالەتەکانی نزیککردنەوەی ئەو دوو چیرۆکە زۆر لەوە زیاترە کە ئەو دوو چیرۆکە بکات بە دوو چیرۆکی سەربەخۆ. ئەوەش بە رەهایی تەماشا ناکرێت و بە پێی دەقەکە هەردوو راڤەکردنەکە هەڵدەگرێت و رۆماننووس زەمینەیەکی کراوەی بۆ لێدوانی جیاواز خۆشکردووەو دەکرێت لە چەند روویەکی جیاوازەوە روانینەکانمان بخەینەڕوو.

دوای هەموو ئەو گەمە تەکنیکی و هونەرییانەی لە جێگۆڕکێی شوێنکات و نزیککردنەوەی کەسێتی و رێکخستنی ماوەی نێوانیاندا بەرچاومان دەکەوێت، کە دەبنە خولقاندنی چەند گۆشەنیگایەکی جیاوازو سەربەخۆ، کۆتایی رۆمانەکە وەک دیمەنێکی چاوەڕواننەکراو قورسایی ئەو گەمە تەکنیکییەی دەکەوێتە ئەستۆو وا دەکات ئەگەری ئەوەی کە (میهرەبان) چیرۆکی خۆی دەنووسێتەوە، پەرەپێبدات بەوەی نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو پێدەچێت گێڕەرەوەش چیرۆکی خۆی بنووسێتەوە، یان لانی کەم کەسێتیی فەرهادو میهرەبان، لەڕووی بابەتەوە رەنگدانەوەی کەسێتیی گێڕەرەوەن و بەشێوەیەکی هونەری لە دەقەکەدا وێناکراوە، ئەوەش دەبێتە کۆکردنەوەی ئاراستە جیاوازەکانی گۆشەنیگای ئەو دەنگانەی کە لە رۆمانەکەدا رۆڵی دیارو بەرچاویان هەیە.

دوای تەواوبوونی چیرۆکی (فەرهادو کاڵێ)، رۆمانەکە بەم پەرەگرافە کۆتایی دێت:

(ئەوسا سەرم بەرزکردەوە. ئەو لە ژوورەکە نەبوو. من تەنها بووم. تەنها لەبەر رۆشنایی کزی پەنجەرەکە دانیشتبووم و، دەستە باریک و ئێسکنەکانم لەدەوری ئەژنۆم ئاڵاندبوو-٢١٩/١). دەستەواژەی (دەستە باریک و ئێسکنەکانم لەدەروی ئەژنۆم ئاڵاندبوو) دەلالەت و ئاماژەیە بۆ کۆکردنەوەی هەرسێ کەسێتی (فەرهادو میهرەبان و گێڕەرەوە) لە پنتێکی دیاریکراودا، کە لە رۆمانەکەدا بەشێوەیەکی هونەری رۆڵ و جوڵەو روانینیان بە رێکخستنێکی تەکنیکی جیادەکرێنەوەو کۆدەکرێنەوە.

**سەرچاوەکان:**


١.باڵندەکانی دەم با- رۆمان- عەتا نەهایی- نەشری ژیار- چاپی یەکەم- ١٣٨١

٢.تحليل الخطاب الروائی.. الزمن- السرد- التبئير- سعيد يقطين- المركز الثقافی العربی- الطبعة الرابعة- ٢٠٠٥.

٣.تقنيات السرد الروائی في ضوء المنهج البنيوی- د.يمنی العيد- دار الفارابی- الطبعه الثالثه- ٢٠١٠.

٤.بنية النص السردی من منظور النقد الادبی- د.حميد لحمدانی- المركز الثقافی العربی- الطبعة الثالثة- ٢٠٠٠.

٥.مفاتيح اصطلاحية جديدة.. معجم مصطلحات الثقافه والمجتمع- طونی بينيت، لورانس غروسبيرغ، ميغان موريس- ترجمة: سعيد الغانمی- المنظمة العربيه للترجمة- الطبعة الاولی- بيروت- ٢٠١٠.

٦.صنعة الرواية- بيرسی لوبوك- ترجمه: عبدالستار جواد- دار الرشيد للنشر- بغداد- ١٩٨١.

٧.الكلمه في الرواية- ميخائيل باختين- ترجمة: يوسف حلاق- منشورات وزارة الثقافة- دمشق- ١٩٨٨.

٨.عالم النص.. دراسه بنيوية في الاساليب السرديه- الدكتور سلمان كاصد- دار الكندی للنشر والتوزيع- الاردن- ٢٠٠٣.

٩.التبئير الفلسفي فی الرواية.. مقاربه ظاهراتيه في تجربة سليم بركات- د.شاهو سعيد- دار سردم للطباعه والنشر- الطبعه الاولی- كوردستان- السليمانيه- ٢٠٠٧.

١٠.الصوت الآخر.. الجوهر الحواري للخطاب الادبي- فاضل

ثامر- دار الشؤون الثقافى العامه- الطبعة الاولى- بغداد- ١٩٩٢.
١١.دليل الناقد الادبى.. اضاءة لاكثر من سبعين تيارا ومصطلحا نقديا معاصرا- د.ميجان الرويلى- د.سعد البازعى- المركز الثقافى العربى- الطبعة الخامسه- ٢٠٠٧.
١٢.معجم مصطلحات نقد الروايه- د.لطيف زيتونى- مكتبه لبنان ناشرؤن، دار النهار للنشر- الطبعه الاولى- ٢٠٠٢.
١٣.الكلام والخبر.. مقدمه للسرد العربى- سعيد يقطين- المركز الثقافى العربى- الطبعة الاولى- الدار البيضاء- ١٩٩٧.
١٤.الخطاب الروائى- ميخائيل باختين- ترجمه: محمد براده- دار الفكر للدراسات والنشر والتوزيع- الطبعة الاولى- القاهره- ١٩٨٧.
١٥.نظريات السرد الحديثه- والاس مارتن- ترجمة: د.حياة جاسم محمد- المجلس الاعلى للثقافة- ١٩٩٨.
١٦.بلاغة الخطاب وعلم النص- د.صلاح فضل- عالم المعرفه- ١٩٩٢.
١٧.خطاب الحكايه.. بحث فى المنهج- جيرار جنيت- ترجمة: محمد معتصم، عبدالجيل الازدى، عمر حلى- المشروع القومى للترجمة- الطبعة الثانيه- ١٩٩٧.
١٨.في نظرية الرواية.. بحث في تقنيات السرد- د.عبدالملك مرتاض- عالم المعرفه- ١٩٩٨.
١٩.مفاهيم سردية- تزفيطان تودوروف- ترجمة: عبدالرحمان مزيان- منشورات الاختلاف- الطبعة الاولى- ٢٠٠٥.
٢٠.المقموع والمسكوت عنه في السرد العربي- فاضل ثامر- دار المدى للثقافة والنشر- الطبعة الاولى- ٢٠٠٤
٢١.الشعرية- تزفيطان طودوروف- ترجمة: شكري المبخوت، رجاء بن سلامة- دار التوبقال للنشر- الدار البيضاء- الطبعة الثاني- ١٩٩٠ز
٢٢.مدخل الى التحليل البنيوي للقصص- رولان بارت- ترجمه: د.منذر عياشى- مركز الانماء الحضارى- الطبعة الثانية- ٢٠٠٢.
٢٣.قاموس السرديات- جيرالد برنس- ترجمة: السيد امام- ميريت للنشر والمعلومات- القاهره- ٢٠٠٣.
٢٤.اشكالة المصطلح فى الخطاب النقدي العربي الجديد- د.يوسف وغليسى- الدار العربة للعلوم ناشرون، منشورات الاختلاف- الطبعة الاولى- ٢٠٠٨.
٢٥.نظرية السرد من وجهه النظر الى التبئير- ترجمه: ناجي مصطفى- منشورات الحوار الاكاديمى والجامعى- الطبعة الاولى- ١٩٨٩.
٢٦.خمسون مفكرا اساسيا من البنيوية الى مابعد الحداثه- جون ليشته- ترجمة: د.فاتن البستانى- المنظمة العربيه للترجمة- الطبعة الاولى- بيروت- ٢٠٠٨.
٢٧.نحو رواية جديدة- الان روب جرييه- ترجمة: مصطفى ابراهيم مصطفى- دار المعارف بمصر.
٢٨.بحوث في الرواية الجديده- ميشيل بوتور- ترجمه: فريد انطونيوس- منشورات عويدات- بيروت، باريس- الطبعة الثانية- ١٩٨٢.

